تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5924) دووشەممە 3ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

حکوومەتی عێراق نزیکەی 560 ملیار دیناری جووتیارانی لەلایە

ئەمڕۆ لێژنەیەک بۆ وەرگرتنەوەی شایستە داراییەکانی جووتیاران دەچێتە بەغدا

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2020/2/3 لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی ڕاسپاردەکانی پەرلەمان بۆ شایستە داراییەکانی جووتیاران کۆببێتەوە و دواتر ڕاسپاردەکان بنێردرێنە ئەنجوومەنی وەزیران. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ لە بارەی پلانی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکات

دوێنێ یەکشەممە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرپەرشتی ئومێد سەباح سەرۆکی دیوان و ئامادەبوونی هەر یەک لە سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی، سەرۆکی داواکاری گشتی، سەرۆکی ئەنجوومەنی شوورا و نوێنەری دیوانی چاودێری دارایی، پلانی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی تاوتوێ کرد. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

قەیرانی نەبوونی غازی شل لە هەولێر و دهۆک بۆ قۆرخکاری و مافیای چەند کەسێکی دەسترۆیشتووی سنووری گەرمیان و سلێمانی دەگەڕێتەوە

گوتەبێژی حکوومەت: حکوومەتی هەرێم هەموو ڕێکارە یاساییەکان دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی قۆرخکاران و مافیاکان ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە

فراکسیۆنی پارتی: کۆمەڵێک دەسترۆیشتوو لە سلێمانی تەگەرە بۆ ناردنی غازی شل بۆ هەولێر دروست دەکەن





سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی نوێی سوید لە عێراق دەکات

دوێنێ یەکشەممە 2020/2/2 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە لارس ڕۆناس باڵیۆزی نوێی سوید لە عێراق کرد. لە دیدارێکدا گفتوگۆ دەربارەی دۆخی ئێستای عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و سوید کرا. هەردوولا پێداگریان لەسەر پێویستیی سەقامگیربوونی عێراق و ناوچەکە کردەوە.
باڵیۆزی سوید ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیی بارزگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هاندانی وەبەرهێنەرانی وڵاتەکەی بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەربڕی.
سەرۆکی حکوومەت هیوای سەرکەوتنی بۆ باڵیۆزی نوێی سوید لە ئەرکەکەیدا خواست و ستایشی ڕۆڵ و بەشداریی سوید لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش کرد.

هەڕەشە لە سایەق و وەکیلەکان کراوە هەر کێ غاز باریکات دەکوژرێت

عەلی حەمە سالّح: بەڕێوەبەری کۆمپانیای بارکردنی غاز ڕفێندراوە

سەرۆکی لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی دروستکردنەوەی قەیرانی غاز بلاّو کردەوە. دوێنێ یەکشەممە عەلی حەمە سالح، سەرۆکی لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاندووە، «ئیدارەی گشتی یەکێتی خۆی ڕێککەوتووە بەڕێژەی 40٪ لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا شەریکە کە تەندەری بۆ دەرچوەو غاز باربکات و بیفرۆشێت، کەواتە بۆ ناهێڵرێت غاز بگاتە مالاّن». (دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە ل3 بخوێنەوە)



عێراق.. فراوانکردنی خۆپیشاندانەکان دژ بە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی

خۆپیشاندەرانی عێراق ئاشکرایانکرد محەمەد تۆفیق عەللاوی کە لەلایەن سەرکۆمار، بەرهەم سالّحەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ڕاسپێردراوە، پەسەند ناکەن. خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر لە دژی ڕاسپاردنی ناوبراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت، دروشمی "عەللاوی قبولّ ناکرێت"یان گوتەوە. هاوکات لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکانەوە لە شارەکانی باشووری عێراق، دیمەنی گوتنەوەی دروشم دژی عەللاوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکرانەوە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

شێرکۆ جەودەت: هێزێکی چەکدار لە گەرمیان ڕێگەیان لە گواستنەوەی بڕە غازی هەولێر گرتووە

سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هێزێکی چەکدار لە گەرمیان ڕێگە بە گواستنەوەی بڕە غازی هەولێر نادەن و ئەوان بەدواداچوون دەکەن. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



نیشانەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا و چۆنیەتی خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە لە بەدواداچوونێکی «خەبات» دا

مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تادێت زیاتر دەبن، بەگوێرەی ئامارەکان تائێستا ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە 28 وڵاتی جیهان و چەند وڵاتێکیش باری لەناکاویان ڕاگەیاندووە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت: هەموو ئەو کەسانەی بەهۆی کۆرۆناوە گیان لەدەستداوە هاوواڵاتی چینین. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

سفارة جمهورية العراق
EMBASSY OF THE REPUBLIC OF IRAQ
نيروبي
NAIROBI
Ambassador's Office

ڕێزدار جەنابی سەرۆک بارزانی

سلاو و ڕێز

بروسکەی سەرەخۆشی بەڕێزتان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک یاوەری برامانەوە خەم و ناخۆشییەکانمانی ڕەواندەوە بووە مایەی سەبوریان و دڵنەوایی، لە خودا داواکارین هەر ساخ و پایەدار بن.

لەجیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو
بڕهان نامق جاف

***

ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ڕێزو حورمەت

سوپاس و پێزانینمان بۆ بەشداری جەنابتان بە تەلەفۆن و ناردنی بروسکەو سەردانی بنەماڵەکەمان کە بە بۆنەی کۆچی ناوەختی کاکە یاوەری برامانەوە، بووە هۆی دڵنەوایی و کەمکردنەوەی ئەو کۆستە گەورەیەمان، لە یەزدان داواکارم هەر سەربەرزو سەرفراز بن.

لەجیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو
بڕهان نامق جاف

***


بەڕێز کاک مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سلاو ڕێز

سوپاسی جەنابتان دەکەم کە بە تەلەفۆن و ناردنی بروسکەی هاوخەمی بەڕێزتان بە بۆنەی کۆچی ناوەختی کاکە یاوەری برامانەوە، کە دڵنەوایی و ئارامی بە خانەوادەکەمان بەخشی و لەو کۆستە گەورەیەی کەمکردەوە، لە خودای گەورە داواکارم هەر ساخ و سەربەرز بن.

لەجیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو
بڕهان نامق جاف
2020/2/2

دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ لەبارەی پلانی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکات



دوێنێ یەکشەممە 2020/2/2 لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرپەرشتی ئومێد سەباح سەرۆکی دیوان و ئامادەبوونی هەر یەک لە سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی، سەرۆکی داواکاری گشتی، سەرۆکی ئەنجوومەنی شوورا و نوێنەری دیوانی چاودێری دارایی، پلانی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا، کە چەندین پسپۆڕ و مامۆستایانی زانکۆ ئامادەبوون، هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی نوێیم سەبارەت بە پرۆسەی چاکسازی خرایەڕوو و سەرنج و تێبینییەکان بە هەند وەرگیران.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەنگاوی کرداری کرا بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی دادپەروەری، شەفافییەت و گەیشتن بە حوکمڕانییەکی باشتر بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان.

لە کۆتاییشدا بڕیار درا لیژنەیەکی تایبەت بۆ دەوڵەمەندکردنی ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێکبهێنرێت و لە کۆتایی مانگی ئاداری ئەمساڵ ڕاسپاردەکانی تەواو بکات.

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان جەژنی چلەی زستان لە ئێزدییەکان پیرۆز دەکات

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی چلەی زستانی ئێزدییەکان، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی خوشک و برایانی ئێزدی لە کوردستان و جیهان کرد، ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی چلەی زستانی ئێزدییەکان جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی میری ئێزدیان و جڤاتی ڕۆحانی و خوشک و برایانی ئێزدی لەکوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، هیوادارین ئەم جەژنە ببێتە مایەی ئاشتی و ئارامی و قوڵبوونەوەی زیاتری گیانی تەبایی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان و ببێتەمایەی ئازادکردنی سەرجەم دیلەکان و گەڕانەوەی ژیان بۆ ناوچەکانیان.

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2020/2/2

عێراق.. کاردانەوەی لایەنەکان سەبارەت بە ڕاسپاردنی عەللاوی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو

UN: سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو ئەرکی قورسی لە بەردەم دایە

هاوپەیمانی نەسر: لایەنێک نییە لە کاندیدکردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی

ئەیاد عەلاوی: هیچ کەسێکم بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو کاندید نەکردووە

ئوسانە نوجێفی: پێویستە عەللاوی داواکارییە ڕەواکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات



هاوواڵاتیان و هێزە ئەمنییەکان بگەڕێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەختەش ئەنجام بدات. لە ڕاگەیەندراوەکەدا داواکراوە کە کاندیدکراو، داواکارییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات و ناوبانگ و شکۆش بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە.

مەرجە حکوومەتەکەی عەللاوی سەربەخۆ و بێ لایەن بێت

لای خۆیەوە فراکسیۆنی بەرەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان (سوننە) لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجێفی خۆشحاڵی خۆی نیشاندا‌وە سەبارەت بە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت. لە ڕاگەیەندراوێکدا، فراکسیۆنی بەرەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان ئاماژەی بەوەکردووە کە پاڵپشتی لە محەمەد تۆفیق عەللاوی دەکات، بەو مەرجەی حکوومەتەکەی سەربەخۆ و بێ لایەن بێت و داواکارییە ڕەواکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات. هەر لەوبارەوە فراکسیۆنی هاوپەیمانییەتی وەتەنییە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە هیچ کەسێکی بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو کاندید نەکردووە، چونکە ئەوە گەل لێی بەرپرسە بە تایبەتیش خۆپیشاندەران.

لە نابەرا دەکات کە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران. لە ڕاگەیەندراوێکدا، جێنین هێنیس پلاسخارت ئاماژەی بەوەکردووە "عێراق پێویستی بە هەنگاونان هەیە بەرەو پێشەوە، سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو ئەرکی قورسی لە بەردەم دایە تا جێبەجێیان بکات ئەویش ئەوەیە پەلە بکات لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت تا لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پەسەند بکرێت، هەروەها هەنگاوەکانی چاکسازی لەپێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران و بەدیهێنانی دادپەروەری و لێپرسینەوە خێرا بکات.

پێویستە کاندیدکراو پارە دزراوکان بگەڕێنێتەوە

هەروەها دوێنێ یەکشەممە هاوپەیمانی نەسر بەسەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند کە لایەنێک نییە لە کاندیدکردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو و لەهەمان کاتدا داوا گەل بێت. موقتەدا سەدر ڕاشیگەیاندووە کە ئومێد دەکەن محەمەد تۆفیق عەللاوی نەکەوێتە ژێر کاریگەری فشارەکانی ناوخۆ و دەرەکییەوە و بەرنامەی حکوومەتەکەی ڕابگەیەنێت و پەلە بکات لە بەرنامەڕێژی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، هەروەها هەوڵی پاراستنی سەروەریی و سەربەخۆیی عێراق بدات، بەجۆرێک کە ناوبانگی وڵات و شکۆی هێزە ئەمنییەکانی بپارێزێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان خۆشحاڵە

هەروەها نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت خۆشحاڵی خۆی نیشاندا‌وە سەبارەت بە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق و ڕایدەگەیەنێت کە ئومێد دەکەن ئەوە ببێتە هەنگاوێکی خێرا بۆ ئەنجامدانی چاکسازی

هۆشیار سیوەیلی:

بۆ ئەوەی سەرۆکوەزیرانی نوێ سەرکەوتوو بێت پێویستە سێ خاڵ جێبەجێ بکات



بەڕێسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، بۆ ئەوەی سەرۆکوەزیرانی نوێ سەرکەوتوو بێت، پێویستە سێ خاڵ جێبەجێ بکات و خاڵی هەرە گرنگی دانانی سنووردێک بۆ گرووپە میلیشیاکان و پابەندبوونە بە دەستووری عێراقەوە.

بەڕێسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هۆشیار سیوەیلی، بە مانچەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پارتی دیموکراتی کوردستان ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێیە لایەنەکان لەبارەی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو بگەنە ڕێککەوتن، بۆ ئەوەی عێراق لە دۆخی ناهەمواری نێستا ڕزگار بێت، بەداخەوە لایەنە شیعەکان دواکەوتن تا مەرجەعی شیعەکان نەهاتە سەرخەت و داوای لێ کردن پەلەی لێ بکەن و بۆتە عورفێکی سیاسی کە سەرۆککۆمار بۆ کورد و سەرۆکوەزیران بۆ شیعە و سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوننە بێت، بۆیە سەرۆکوەزیران مافی شیعەکان بوو، وەکو ئەوەی نێستا کردیان.

هۆشیار سیوەیلی ئەوەشی گوتووە: چەند مەرجێک هەیە بۆ سەرۆکوەزیرانی نوێ بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێتەوە بۆ دۆخێکی سەقامگیر و بتوانێ خزمەتی هاوواڵاتیان بکات، یەکەم دەستوور جێبەجێ بکات و هەرکەسێک دەستوور پشتگوێ بخات عێراق تووشی هەمان قەیران دەبێت و، خاڵی دووەم پێویستە چەکدارانی میلیشیا سنووردار بکات و ناکرێت ئەو گرووپانە چەکیان لا بێت کە یاسایی نین و نابێت کاریگەربیان لەسەر بڕیاری عێراق هەبێت، کە لە ماوەی ڕابردوودا هەبووە و، خاڵی سێیەم پێویستە داخوازیی خۆپێشاندەران جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێتەوە بۆ دۆخێکی ئارام. سەبارەت بە هەڵوێستی پارتیش سیوەیلی گوتوویەتی: ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر کاندیدی سەرۆکوەزیران نییە، بەڵام ئەگەر ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات سەرکەوتوو دەبێت بە مەرجێک هەرسێ پێکهاتەی سەرەکیی کورد و سوننە و شیعە پشتگیریی بکەن.

د. سەعد سەللوم بۆ «خەبات»:

لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکاندا هەرێمی کوردستان پێشەنگە

خەبات- مەریوان نەقشبەندی: لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات کەسایەتییەکی ناسراوی عێراقی باس لە ڕەوشی کەمینە و پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی عێراق دەکات و پێیوایە هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆچڕانە و گرنگی بۆ دەستەبەرکردنی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان ناوە و ئەوەش وادەکات هەرێمی کوردستان لە عێراق و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان پێشەنگ بێت.

د. سەعد سەللوم مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی موستەنسەریە لە بەغدا و سەرۆکی دامەزراوەی (المسارات) بۆ گەشەپێدان و کاریی میدیایی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: هەرێمی کوردستان لە چەندین لاوە گرنگی بە مافی پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان داوە و لەوانەش دانانی وەزیرێک بۆ کاروباری پێکهاتەکان و هەروەها چەند دامەزراوەیەکی بچووکتریش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێم و بەڕەسمی ناساندنی ئایینەکانی بەهائی و زەردەشتی و جوو و سابیئەی مندائی ئەمانە هەموو نیشانەی دڵخۆشین و حکوومەتی تازەی عێراق دەکرێ سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا وەربگرێت.

هەروەها گوتی: خەڵکی ناوچەکانی تری عێراق لە کاتی هەر گوشارێکدا هانا بۆ هەرێمی کوردستان دێنن، ئەمەش دەلالاتی خۆی هەیە.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/2/3 ژمارە (5924)

ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی هۆکاری گرانبوونی گاز لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک

گوتەبێژی حکوومەت: حکوومەتی هەرێم هەموو ڕێکارە یاساییەکان دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی قۆرخکاران و مافیاکان ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە



حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی هۆکاری گرانبوونی غاز لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ڕوونکردنەوەیەکی ئاراستەی ڕای گشتی کرد. بەپێی ڕوونکردنەوەیەک کە لە لایەن گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جوتیار عادل بۆ ڕای گشتی ڕاگەیەندراوە، هاتووە "بابەتی گواستنەوەی غاز لە کۆمپانیای داناغازەوە بۆ پارێزگاکانی هەرێم کە لەلایەن کۆمپانیایێکەوە قۆرخ کرابوو، کرایە تەندەر و دوای ئەوەی بۆ کۆمپانیایەکی دیکە دەرچوو و بڕیار بوو لە سەری ساڵی نوێوە دەستبەکار ببێت، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکی دەستڕۆیشتووی سنووری گەرمیان و سلێمانی ڕێگرییان لێ کراوە و وەک کارتێکی فشار ڕێگەیان نەداوە بەشە غازی شلی هەولێر و دهۆک وەک پێویست بگات، ئەوەش بووە هۆی گرانبوونی نرخی غاز لەو دوو پارێزگایە".

هەر بەپێی ڕوونکردنەوەکە، "لەم دوو ڕۆژەی ڕابردوودا کەسانی ناماژەپێکراو بە هێزی چەکدار و تونددوتیژی نواندن بەرامبەر بە کۆمپانیاکە، هێندەی دیکە دۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە". ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی

لە بارەی هۆکاری گرانبوونی گاز لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک

لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە، وەک وەلامدانەوە بۆ داواکاریی ڕەوای هاوواڵتیان لە ئەنجامدانی چاکسازی و گرتنەبەری شەفافییەت لە کاروباری حکومیدا، بڕیاردرا گشت گرێبەستی کۆمپانیاکان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان و بە پێی پرۆسەی بەتەندەرکردن بێت. لەم چوارچێوەیەدا بابەتی گواستنەوەی گاز لە کۆمپانیای داناغازەوە بۆ پارێزگاکانی هەرێم، کە لە لایەن کۆمپانیایێکەوە قۆرخ کرابوو، کرایە تەندەر و دوای ئەوەی بۆ کۆمپانیایەکی دیکە دەرچوو و بڕیار بوو لە سەری ساڵی نوێوە دەستبەکار ببێت، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکی دەستڕۆیشتووی سنووری گەرمیان و سلێمانی ڕێگرییان لێ کراوە و وەک کارتێکی فشار ڕێگەیان نەداوە بەشە غازی شلی هەولێر و دهۆک وەک پێویست بگات، ئەوەش بووە هۆی گرانبوونی نرخی غاز لەو دوو پارێزگایە.

لەم دوو ڕۆژەی ڕابردووشدا کەسانی ناماژەپێکراو بە هێزی چەکدار و تونددوتیژی نواندن بەرامبەر بە کۆمپانیاکە، هێندەی دیکە دۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە. وێڕای ئاگادار کردنەوەی هاوواڵتیانی خۆشەویستمان لەم کێشەیە، دڵنیایان دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێم لە هەنگاوەکانی چاکسازی پاشگەز نابێتەوە و هەموو ڕێکارە یاساییەکان دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی قۆرخکاران و مافیاکان ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

جوتیار عادل
گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/2/2

هەڕەشە لە سایەق و وەکیلەکان کراوە هەر کێ غاز باربکات دەکوژرێت

عەلی حەمە سالح: بەڕێوەبەری کۆمپانیای بارکردنی غاز ڕفێندراوە



سەرۆکی لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی دروستکردنەوەی قەیرانی غاز بڵاو کردەوە.

دوێنێ یەکشەمە عەلی حەمە سالح، سەرۆکی لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاندووە، «ئیدارەی گشتیی یەکێتی خۆی ڕێککەوتووە بەڕێژەی 40٪ لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا شەریکە کە تەندەری بۆ دەرچوەو غاز باربکات و بیفرۆشێت، کەواتە بۆ ناهێڵدرێت غاز بگاتە مالآن».

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک لە بارەی دروستکردنەوەی قەیرانی غاز

لە ڕوونکردنەوەی حکوومەتی هەرێم بڕگەی غازەکەت بۆ هەولێر و دهۆک! بەڵام ئەم ڕێگرییە بۆ سەرتاسەری کوردستانە.

دوێنێ کاتژمێر شەشی بەیانی کۆمپانیای سورگاز دەستبەکاربوو بۆ گوستنەوەی غازی کۆرمۆر، هێزێکی ئەمنی ڕۆیشتە کێڵگەکەو ڕێگری لە گواستنەوەی غازەکە کرد، دوای هەوڵدانێکی زۆر پێیان ڕاگەیاندین گرفتەکە چارەسەربووەو ئێستا غاز باردەکرێت.

دواتر بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە ڕفێندراو ئازارێکی زۆر دراو غازیش ڕاگیرا، هەرچەندە بەرپرسان دڵنیایياندا ئەم گرفتە چارەسەر بووەو لەسەر بەڵێنی ئەوان ئێمەش ڕامانگەیاند: چارەسەر بووە، بەڵام دیاربووە کار بەو بڕیارو بەڵێنانە نەکراوەو لەشوێنی ترەوە ڕێگری کراوە، تاوەکو ئەم ساتە گرفت و هەڕەشە بەردەوامە لەلایەن هێزێکی ئەمنی.

غازی کۆرمۆر دوو هێندەی پێداویستی خەڵکی کوردستان بەرهەمی هەیە، بەڵام ناکرێت هێزێک بە جل و بەرگی ڕەسمی بڕواتە سەر کێڵگەی غاز و ڕێگربێت لە ناردنی غازی مالآن بۆ سەرتاسەری کوردستان.

لە دوێنێوە لە هەولێ چارەسەرکردنداین و نەمانویست ئەم دۆخە دروستببێت بگاتە بەیاننامە، ئێستاش لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکوومەت لە هەولدایین و بۆ چارەسەری یەکجاری ئەم گرفتە.

ئەوەی لە تواناماندا بووە بۆ لادانی ئەم ڕێگرییە کردووەمانە، بەڵام لەبەرامبەر هێزێکی گەورەی ئەمنی هەر ئەوەندە کرا، هەڕەشە لە سایەق و وەکیلەکان کراوە هەر کێ غاز باربکات دەکوژرێت، بەرێوەبەری کۆمپانیاکە ڕفێندراوەو ئازاردراوە..

ئەوەی جێگای سەرنجە ئیدارەی گشتی یەکێتی خۆی ڕێککەوتووە لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەو بەڕێژەی 40٪ لەگەڵ ئەم کۆمپانیادا شەریکە کە تەندەری بۆ دەرچوەو غاز باربکات و بیفرۆشێت، کەواتە بۆ ناهێڵدرێت غاز بگاتە مالآن!

ئەم گرفتە تەنیا هەولێر و دهۆک نییەو ئێستا لە بازاڕی سلێمانیش غاز نییە، ئەگەر تاوەکو ئەمشەو ئەم گرفتە بەتەواوی چارەسەر نەبێت قەیرانی نەبوونی غاز، دەچێتە پاڵ گرفتی نەوت و کەمی کارەبا.. گرفتی دیکەشی بەدوادێت...

ئێستا لیوای نەوت و غاز ڕۆشتوون بۆ کێڵگەی کۆرمۆر بۆ پاسەوانی و بارکردنی غاز دەکەن و ئێستا غاز بارەدەکرێت، ئەو هێزە ئەمنییەش کە پێشتر ڕێگربوو بەردەوام هەڕەشە دەکات!! ئەم گرفتە چارەسەری ریشەیی پێویستە، نەک هەر ڕۆژەو یەکێ بڕفێندرێت و هەڕەشەی کوشتن لەسایەق تانکەرێک بکرێت.

عەلی حەمە سالح
سەرۆکی لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی

فراکسیۆنی پارتی:

کۆمەڵێک دەستڕۆیشتوو لە سلێمانی تەگەرە بۆ ناردنی غازی شل بۆ هەولێر دروست دەکەن

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
لە پەرلەمانی کوردستان

دوێنێ یەکشەمە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندراوێکی لەبارەی قەیرانی غاز لە هەولێر و دهۆک بڵاو کردەوە و ئاشکرای کرد کە «کۆمەڵێک دەستڕۆیشتوو لە سلێمانی» تەگەرە بۆ ناردنی غازی شل بۆ هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دروست دەکەن.

ئەمەش دەقی ڕاگەیاندراوەکەیە:

بەیاننامەیەک لە فراکسیۆنی پارتی لەبارەی قەیرانی غاز

بەنیگەرانییەکی قوواڵەوە کۆمەڵێک دەستڕۆیشتوو لە سلێمانی لەپێناو بەرژەوەندی کەسیی خۆیان هەستاون بە تەگەرە دروستکردن لە ناردنی غازی شل بۆ هەولێرو دهۆک بە ئامانجی دروستکردنی کێشەو گرفت بۆ هاوواڵتیان.

دوای ڕاگەیاندنی پرۆسەی چاکسازی لەهەرێمی کوردستان و پرسی شەفافبوون لەسەرجەم سێکتەرەکاندا پرسی غاز یش کەوتۆتە ئەو چوارچێوەیە و پێشتر بەبێ ڕەچاوکردنی مەرجە یاساییەکان دراوەتە کۆمپانیایەک کە بێ تەندەرو بە هەڕەمەکی بووە، بەڵام ئێستا لە ڕێی تەندەرەوە دراوەتە کۆمپانیایەکی دیکە بەشێوەیەکی یاسایی و ئامانجی ئەمەش نەهێشتنی قۆرغکاری و واستەکاری بووە،بەڵام کۆمەڵێک مافیا ڕەفتار ئەمەیان پێ قبوڵنەکرا.

دوێنێ لەکاتی گواستنەوەی غازەکە بۆ هەولێرو دهۆک ژمارەیەک چەکداری ناسراو هەڵیانکوتاوەتە سەر تانکەرەکان و چوونەتە سەر ئەو کۆمپانیایەی کە ئەرکی گواستنەوەی غازەکەیان لە ئەستۆبووەو تونددو تیژیان بەرانبەر خاوەنی کۆمپانیا ئەنجامداوەو ئێستا کەوتۆتە نەخۆشخانەو داوای بەش و پشکیان لێی کردووە.

ئەوپەڕی نیگەرانی خۆمان لەم ڕووداوە ڕادەگەینین و بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە دەکەین و پاڵپشتی هەموو ڕێکارێکی یاسایی دەکەین لەم پرسەداو داواکارین بەهۆی حەزو چاوچنۆکی کەسانێک بۆ دەستخستنی پارەی نایاسایی هاوواڵتیان باجەکەی نەدەن و غازی هاوواڵتییان بەڕۆژی ڕوون دەستی بەسەردا نەگیرێت.

فراکسیۆنی پارتی
لە پەرلەمانی کوردستان

فراکسیۆنی ئازادی:

دەبێ لێپرسینەوە لەو هێزانە بکرێت کە ڕێگەیان لە گەیشتنی غاز بۆ هەولێر گرتووە

سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان داوا دەکات لێپرسینەوە لەو هێزانە بکرێت کە ڕێگەیان لە گەیشتنی غاز بۆ هەولێر گرتووە.

لەمبارەیەشەوە محێدین حەسەن، سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندووە، ئەوەی کراوە لە دەرەوەی ڕێسا و یاساکانە، ئەگینا «لە ڕۆژی ڕووناک چۆن شتی وا دەکرێت؟». ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەم جۆرە کارانە بۆ ناوبانگی هەرێمی کوردستان باش نابێت و لە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە. سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی بە پێویستی زانی، لێپرسینەوە لەم هێزانە بکرێت کە لە یاسا دەردەچن. گوتیشی: ئەوەی کراوە پەیوەندی بە ئاسایشی کوردستانەوە هەیە، ئەمە یەکەم جار نییە خەڵک دەکوژرێت و دەڕفێندرێت، ئەوە تەنیا پرسی غاز نییە، بۆیە دەبێت ئەو هێزانە نەمێنن.

داوا دەکرێت ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەدواداچوون بۆ ڕێگەگرتن لە گەیشتنی غاز بۆ هەولێر بکات

خەدیجە عومەر، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: هەر ڕووداوێک نەخوازراو بێت و ئاسایی نەبێت، هەڤاڵەیە ئەنجومەنی پارێزگا لەبارەیەوە کۆببێتەوە. ڕوونیشی کردەوە کە ڕۆژی سێشەمە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەیە، ئەجیندای کۆبوونەوەکە دیاریکراوە. جەختیشی کردەوە کە ئەنجومەنەکەیان نوێنەری خەڵکە و دەبێت بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە بکات.

لەلایەن خۆیەوە بەرزان حامید، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و ناوخۆ لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وتی: ڕفاندنی خاوەنی کۆمپانیای دابینکردنی بڕە غازی هەولێر لە سنووری پارێزگای سلێمانی، کارێکی هەڵەیە و لیژنەکەمان بەدواداچونی جددی لەسەر ڕووداوەکە دەکات.

جەختیشی کردەوە کە ناکرێت هیچ کەسێک لەلایەن خەڵکی چەکدارەوە ڕووبەڕووی هێرشی ڕفاندن و ئازاردان ببنەوە، بۆیە ئەرکی هێزەکانی ئاسایشی و ناخۆیە کە ڕێگری لەو جۆرە ڕووداوانە بکەن.

شێرکۆ جەودەت: هێزێکی چەکدار لە گەرمیان ڕێگەیان لە گواستنەوەی بڕە غازی هەولێر گرتووە



سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هێزێکی چەکدار لە گەرمیان ڕێگە بە گواستنەوەی بڕە غازی هەولێر نادەن و ئەوان بەدواداچوون دەکەن.

شێرکۆ جەودەت، بە خەباتی ڕاگەیاند، ئاگادارین هێزێکی چەکدار لە سنووری گەرمیان، ڕێگە بە گواستنەوەی بڕە غازی هەولێر نادات. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەوان سەرقاڵی بەدواداچوونن لەبارەی ڕووداوەکە. هۆکاری ئەم دۆخەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هێزەکان بە تەواوەتی نەبوونەتە هێزی نیشتمانی، ئەگینا هێزی چەکدار چۆن دەتوانێت ئەو کارە بکات؟ لە کاتێکدا حکوومەت خۆی بڕیاری لەسەر داوە.

دووپاتیشی کردەوە کە ئەوان لە لێژنەکەیاندا بەدواداچوونی جددی بۆ کەیسەکە دەکەن و بە پێویستیشی زانی، هەموو لایەک پشتیوانی هەوڵەکان بن بۆ ئەوەی ئەم دۆخە کۆتایی پێبهێنرێت".

پێشتر نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر بە میدیاکانی ڕاگەیاندبوو کە ڕۆژی شەممە 1ی شوباتی 2020، هێزێکی چەکداری ناسراو، خاوەنی ئەو کۆمپانیایەیان ڕفاندووە کە ئەرکی دابینکردنی بڕە غازی هەولێرە و لێیاندەداوە و ئەزیەتیان دەداوە و ڕێگەیان لە گەیشتنی غاز بۆ هەولێر گرتووە. هەر دوێنێ ڕزگار محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کردبوو کە ئەو هێزە سەر بە مەحمود سەنگاوی بووە. بەپێی زانیارییەکان ، ئەو هێزەی ڕێگەی لە گەیشتنی غاز بۆ هەولێر گرتووە، سەر بە مەحمود سەنگاوی و پۆلاد جەنگی، برای لاهوور جەنگین و هۆکارەکەش ئەوەیە کە دەیانەوێت پرۆژەکە بە کۆمپانیایەکی خۆیان بدرێت.

لیژنەیەک بۆ وەرگرتنەوەی شایستە داراییەکانی جووتیاران دەچێتە بەغدا

حکوومەتی عێراق نزیکەی 560 ملیار دیناری جووتیارانی لەلایە

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2020/2/3 لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی ڕاسپاردەکانی پەرلەمان بۆ شایستە داراییەکانی جووتیاران کۆببێتەوە و دواتر ڕاسپاردەکان بنێردرێنە ئەنجوومەنی وەزیران.

شوان کەریم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیژنەی کشتوکاڵ بە خەباتی ڕاگەیاند: دووشەممە لیژنەکەمان لەسەر ئامادەکردنی ڕاسپاردەکان کۆدەبێتەوە و دوای ئەوەی ڕاسپاردەکان تەواوبوون، ڕادەستی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکرێن بۆ ئەوەی جێبەجێکردنیان بدرێنە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. گوتیشی یەکێک لە ڕاسپاردەکان تایبەتە بە پێکهێنانی لیژنەیەکە بۆ ئەوەی حکوومەت لیژنەیەک پێک بهێنێت بۆ وەرگرتنەوەی شایستە داراییەکانی جووتیاران. گوتیشی: یان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ پێک دەهێنرێت، یان دەخرێتە سەر بەرنامەی گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا و لیژنەی دانوستانکار بیکاتە تەوەرێکی سەرەکیی گفتوگۆکان. ئەو ئەندامەی لیژنەی کشتوکاڵ، گوتیشی: حکوومەتی عێراق شایستەی دارایی سێ ساڵ جووتیارانی لایە و بڕەکەی نزیکەی560 ملیار دیناڕە.

پەرلەمانتارێک: وەزیرە کوردەکانی کابینەی عەبدولمەهدی لە پۆستەکانیان دەمێننەوە

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق لێدوان لەبارەی چارەنووسی وەزیرە کوردەکان لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، دەدات. حەسەن ئالی، پەرلەمانتاری عێراق ڕایگەیاندووە، پەرلەمان چاوەڕێی ناوی وەزیرەکان و بەرنامەی کاری کابینەکەی عەلاوی دەکات بۆ متمانەدان. لە بارەی گۆڕانکاری لە پۆستی وەزیرەکان، حەسەن ئالی ڕایگەیاند، هەر وەزیرێک دەستی لەکار کێشابێتەوە یان تێوەگلابێت لە گەندەڵی، ئەوە پۆستی وەزیری لە کابینەی نوێی عێراق پێنادرێت. ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بە وەزیرە کوردەکان کرد و ڕایگەیاند، وەزیرە کوردەکان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە و بەردەوام دەبن، "هیچ قسەیەک نییە بۆ گۆڕانکاری لە وەزیرە کوردەکان."جێی باسە شەوی شەممە 2020/2/1 سەرکۆماری عێراق، محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کاتیی وڵاتەکەی ڕاسپارد، تاوەکو شوێنی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو سەرکۆماری عێراق، وەزیری پێشووتری گواستنەوە و گەیاندن، محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپارد. محەمەد تۆفیق عەلاوی ماوەی یەک مانگی لە بەردەم دایە تا کابینەی حکوومەتەکەی پێکبهێنێت و متمانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەستبهێنێت.

حەمەد تۆفیق عەلاوی کێیە؟

ناوی تەواوی محەمەد تۆفیق حوسێن عەلاوییە لە یەکی تەموزی ساڵی 1954 لە بەغدا لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا تەواوکردووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە بەشی تەلارسازیی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت، بەڵام لە دوایین ساڵی خوێندنیدا زانکۆ جێدەهێڵێت و لە عێراقەوە دەچێتە لوبنان؛ بەهۆی ئەوەی ساڵی 1977 ڕژێمی پێشووی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن هەڵمەتێکی بۆ دەستگیرکردنی کەسانی دژبە ڕژێم دەستپێکرد. دوای چوونی بۆ لوبنان، دەچێتە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت و ساڵی 1980 بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئەندازیاریی تەلارسازیی بەدەستدەهێنێت.

ئەوکاتەی کە قوتابی بوو لە زانکۆی بەغدا، بیرو بۆچوونی ئیسلامیی سیاسیی هەبوو و نزیکبوو لە پیاوی ئایینی شیعە، محەمەد باقر سەدر کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی حزبی دەعوە و ساڵی1980 لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسێن لە سێدارە درا. ماوەیەک چووە ڕیزەکانی حزبی دەعوە و بەهۆی ناکۆکی بۆچوونەکانی لەگەڵ محەمەد باقر سەدر لەو حزبە کشایەوە.

بۆچوونی عەلاوی ئەوەبوو کە ئایین و دەوڵەت لە یەکتر جیابکرێتەوە و ئەمە خاڵی سەرەکی ناکۆکییەکانی بوو لەگەڵ سەدر. دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن لە 2003دا، لەگەڵ ئەیاد عەلاوی بە لیستێک چوونە ناو پرۆسەی سیاسیی و لەڕێز ناوەکانی لیستی عێراقییە، لیستی وەتەنییە و هاوپەیمانی وەتەنییە.

ساڵی 2006 بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا و ناوەڕاستی هەمان ساڵ وەک وەزیری گەیاندن دەستنیشان کرا و لە کۆتایی ساڵی 2007دا دەستی لەکارکێشایەوە. دوای کۆچی دوایی پەرلەمانتار عایدە عەسیران لە ساڵی 2008دا، جارێکی دیکە بوویەوە بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران تا هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010دا بۆ خولی دووەم بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردرایەوە و کۆتایی هەمان ساڵ جارێکی دیکە وەک وەزیری گەیاندن دەستنیشان کرا و لە کۆتایی ساڵی 2012دا جارێکی دیکە دەستی لەکارکێشایەوە. لە هەردوو جاری دەستلەکارکێشانەوەدا، وەک خۆی ئاماژەی پێکرد، بەهۆی ناڕەزایەتیی لە دەستوەردانی سیاسیی لە لایەن نوری مالکییەوە کە ئاستەنگی لەبەردەم کاروبارەکانی وەزارەتەکەی دروست دەکرد، دەستی لەکارکێشاوەتەوە.

ناکۆکییەکانی نێوان محەمەد تۆفیق عەلاوی و نوری مالیکی لە ناوەڕاستی 2012دا سەریهەڵدا، کاتێک ناوبراو بەشداریی لە دوو کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکان کرد لە هەردوو شاری هەولێر و نەجەف بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە نوری مالیکی. عەلاوی ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی ئەو ناکۆکییانە چەندین لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنراوە و دواتر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکرا و بەتۆمەتی بەهەدەردانی سامانی گشتی ماوەی حەوت ساڵ سزای بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا.

بەهۆی ئەو ناکۆکییانەوە عەلاوی عێراقی بەجێهێشت و کۆتایی ساڵی2014 گەڕایەوە وڵات و سەرجەم ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کرابوون بەبڕیاری دادگا ڕەتکرانەوە و دادگا بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو تۆمەتانە دا و دۆسیەکانی کە لەدژی کرابوونەوە، داخست.

محەمەد تۆفیق عەلاوی هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانییە، ئاماددەیی خۆی دەربڕیوە لەسەر خواستی خۆپیشاندەران دەستبەرداری ڕەگەزنامە بەریتانییەکەی ببێت کە کەسانی خاوەن دوو ڕەگەزنامە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕەتدەکەنەوە.

عێراق.. فراوانکردنی خۆپیشاندانەکان دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی

خۆپیشاندەرێک: عەلاوی کاندیدی لایەنە سیاسییەکانە نەک خۆپیشاندەران

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا



محەمەد عەلاوی و بەغدای ئاڵۆز

ڕاسپاردنی محەمەد عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، لە قۆناغێکی سەخت و ئاڵۆزدایە، ئەو پیاوەش ناوبانگێکی گەورەی سیاسی نییە، ئەگەرچی وەک سیاسییەک بەشداری پرۆسە سیاسییەکانیش بووە.

قسەکردنی ئێستای ئەم وتارەش، هێندەی قسەکردنە لەسەر ڕوئیای عێراقییەکان بۆ حوکمڕانێتی و تێوەگلانیان لەو گەڕەلاوژەیەی لە پەنای مەزهەب و شەڕی خێڵەکان و بزنسمانە دۆمبەلانئاسا هەڵتۆقیوەکانی بەغدایە، بەڵکوو شەنوکەوکردنی خودی ئەو کەسایەتییە نییە، چ جای ئەوەی هێشتا زووە بتوانین گرەنتی ئەوە بکەین کە دەتوانێت حکوومەتەکەی پێکبهێنێت! ئاخر ئەگەر بەردێکی بدرێتە دەست بۆ دروستکردنی دیواری حکوومەتەکەی، لە بەرانبەردا سەدان بەردیشی تێدەگیرێت و بە خاکەناس و پیشەقانیش بناغەی حکوومەتە چاوەڕوانکراوەکەی بنکۆڵ دەکەن.

خودی دکتۆر عادل عەبدولمەهدیش بە هەمان دۆخی ئەو پیاوەدا تێپەڕی، ئەگەرچی سەرەتا ویستی نموونەیەکی نەختێک نوێتر پێشکەشی گەلانی عێراق بکات، بەڵام هەرزوو لەوە تێگەیشت ئەوەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە، لەگەڵ ڕوئیا و ئەجێندای سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی ئێستای بەغدا نایەتەوە، لە یەکەم چرکەساتیشدا پێیگوتین لە پۆستەکەی سەرکەوتوو نابێت! کاتێک ویستی لە ڕێگەی سیڤی ئاشکراوە پۆستەکان پڕ بکاتەوە، بەڵام ئێستاش کەس نەیزانی ئەو سیڤییانە واتە فۆرمەکە چیان بەسەرهات! سەرئەنجام دۆخە ئاڵۆزەکەی بەغدا نەک سیڤییەکان، تەنانەت خۆزی ئەویشی ئاوا کرد.

هێشتا ئەو پیاوە بە فەرمی کابینەکەی ڕانەگەیاندووە لە چەند شوێنێکی عێراق دژی وەستاونەتەوە، تەنانەت وەک پێویستیش پێشوازی لە دیاریکردنەکەی ناکرێت، ئەوەی دەکرێ وەک ئاماژەیەک بۆ شکستی ئەو پیاوە بخوێندرێتەوە، خودی دۆخە ئاڵۆزەکەی بەغدایە بەوەی چارەسەرکردنی نەک هەر لە توانای محەمەد عەلاویدا نییە، ڕەنگە ئاڵۆزتریش بێت، ئاخر سیاسییەکانی بەغدا بە ماندووبوون و خەباتی سیاسیی خۆیان و بە قوربانیدان نەهاتوونەتە سەر ئەو کورسییە کێشەدارانەی بەغدا، بەڵکوو لە ئەنجامی خوانێکی ئامادەکراوی ئەمەریکاوە هاتوون و چاویان بەو کورسییانە و خێروبێری عێراق کەوتووە، ئەمەش بەری چاوی زۆربەیانی سووڕکردووە بە جۆرێک هەرگیز ناتوانن ڕێز لە سەقامگیریی سیاسی بگرن و خۆشگوزەرانییش بۆ خەڵک بەدییهێنن، لە قۆناغی زنجیرە حکوومەتەکانی دوای سەددام و پڕۆسەی حوکمڕانێتی کە کابینە لە دوای کابینە کۆمەڵک کێشەی نوێ و هەڵپەسێردراوی بە میراث بۆ خەڵک و حکوومەتی دوای خۆیان جێهێشت، سەرئەنجام وەک بۆمب تەقییەوە!

کورد لە بەغدا ڕەگەزێکی گرنگیی سیاسییە، ڕەگەزێک زۆربەی کاتەکان غەدر و گەلەکۆمەکی لێکراوە تا ئاستی ئەوەی هەرچی ئەو گرووپ و لایەنە سیاسییە عێراقییانەی لە بنەڕەتدا دژی یەکتریشن، بەڵام بۆ دژایەتیکردنی کورد، یەکگرتوون، کەوایە بەشداریکردنی کورد لە حکوومەتەکەی محەمەد عەلاویش هێندەی دەبێت بەشدارییەکی سیاسی و نەتەوەیی لەسەر بنەمای بەدەستهێنان و پاراستنی زیاتری مافەکانی کورد بێت، ڕاستە کورد دژی ئەو پیاوە نییە، کەچی گرنگە کوردیش ڕوئیا و مافەکانی خۆی بەووڕوونی بەو پیاوە بڵێت کە ئەوانەی هێڵی سوورن، ناکرێت گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و ئەوانەیشی جێی گفتوگۆن، دەکرێ دانوستاندنیان لەسەر بکرێت، لە هەموویان گرنگتریش ئەو پیاوە دەبێ کورد بە جوانی بەو پیاوە بڵێت بەغدا خێر بە کورد ناکات لە پێدانی مووچە و بودجە و پرسە داراییەکانی دیکە و چەک و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە، هەموو ئەوانە بەگوێرەی دەستوور بۆ کورد دیاریکراون و ناکرێ چیتر پێشێلبکرێن، لە سەرووی هەموو ئەوانەیشەوە پێویستی بە یەکگووتاری و یەکهەڵوێستی هەیە، بۆ ئەوەی کارتە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و دەستوورییەکانی کورد بەهێزتر دەربکەون، لە قۆناغێکدا کە چاوەڕێ ناکرێ حکوومەتی نوێی عێراق، دۆخە ئاڵۆزەکەی بەغدای پێ چارەسەر بکرێت.





خۆپیشاندەرانی عێراق ئاشکرایانکرد محەمەد تۆفیق عەلاوی کە لەلایەن سەرکۆمار، بەرهەم سالْحەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ڕاسپێردراوە، پەسەند ناکەن. خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر لە دژی ڕاسپاردنی ناوبراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت، دروشمی "عەلاوی قبوڵ ناکرێت"یان گوتەوە. هاوکات لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکانەوە لە شارەکانی باشووری عێراق، دیمەنی گوتنەوەی دروشم دژی عەلاوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکرانەوە.

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بەرفراوانتر دەبن

خۆپیشاندەرانی عێراق ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە کە پێشتر پۆستیان هەبووە لە حکوومەت یان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوون.

گوتیشی: محەمەد تۆفیق عەلاوی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە کاندیدکرابوو نەک خۆپیشاندەران، بەڵگەش لەسەر ئەوە هاوپەیمانییەتی سائڕوون و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرکۆمار بڕیاریانداوە کە محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو دەستنیشان بکەن.

دیوانییەو نسرییە دژی کاندیدکردنی عەلاوین

لە شاری دیوانییەیش خۆپیشاندەران وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە. هاوکات لە شاری نسریە خۆپیشاندەران داوایان کردووە کە عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە.

سەدان قوتابی لە بەسرە ڕووبان لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان کرد

هاوکات بەپێی ئەو زانیارییانەی لە شایەتحاڵەکانەوە دەست دەست ئاژانسەکانی هەواڵ کەوتووە، سەدان قوتابی لە بەسرە بایکۆتی دەوامیان کردووە و دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕووبان لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان. هەر لەوبارەوە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلو ڕایگەیاند کە سەدان قوتابی لە ناوەڕاستی شاری باقووبە ناوەندی پارێزگای دیالە گردبوونەتەوە و ڕایانگەیاندووە کە هەر کەسێک لە لایەن پارتەکانەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرێت، ڕەتیدەکەنەوە. جێی باسە کابینەی نوێی حکوومەت ڕێگە سەرەکییەکانیان لە شارەکەدا داخست.

خۆپیشاندەرێکی دیوانییە ڕایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەک ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە. جێی باسە ئاژانسەکانی هەواڵ کەوتووە، سەدان قوتابی لە بەسرە بایکۆتی دەوامیان کردووە و دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕووبان لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان. هەر لەوبارەوە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلو ڕایگەیاند کە سەدان قوتابی لە ناوەڕاستی شاری باقووبە ناوەندی پارێزگای دیالە گردبوونەتەوە و ڕایانگەیاندووە کە هەر کەسێک لە لایەن پارتەکانەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرێت، ڕەتیدەکەنەوە. جێی باسە کابینەی نوێی حکوومەت ڕێگە سەرەکییەکانیان لە شارەکەدا داخست.

خۆپیشاندەرێکی دیوانییە ڕایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەک ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە کە پێشتر پۆستیان هەبووە لە حکوومەت یان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوون.

گوتیشی: محەمەد تۆفیق عەلاوی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە کاندیدکرابوو نەک خۆپیشاندەران، بەڵگەش لەسەر ئەوە هاوپەیمانییەتی سائڕوون و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرکۆمار بڕیاریانداوە کە محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو دەستنیشان بکەن.

دیوانییەو نسرییە دژی کاندیدکردنی عەلاوین

لە شاری دیوانییەیش خۆپیشاندەران وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە کە پێشتر پۆستیان هەبووە لە حکوومەت یان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوون.

گوتیشی: محەمەد تۆفیق عەلاوی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە کاندیدکرابوو نەک خۆپیشاندەران، بەڵگەش لەسەر ئەوە هاوپەیمانییەتی سائڕوون و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرکۆمار بڕیاریانداوە کە محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو دەستنیشان بکەن.



چین.. ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ 304 کەس بەرزبووەوە

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین بەردەوام لە پەرەسەندن دایە و تا ئێستا 304 کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی توشبووانی ڤایرۆسەکەش بۆ 14 هەزار و 380 کەس بەرزبووەتەوە. کۆمیسیۆنی تەندروستی چین لە بارەی دوایین رەوشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوە ئاشکرا کراوە کە تا ئێستا 304 کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی توشبووانیش بە ڤایرۆسەکە بۆ 14 هەزار و 380 کەس بەرز بووەتەوە کە ڕەوشی تەندروستی دوو هەزار و 110یان ناجێگیرە. هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی گومانی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنایان لێدەکرێت گەیشتووەتە 19 هەزار و 544 کەس و ژمارەی ئەوانەشی بەهۆی هەبوونی پەیوەندییان لەگەڵ هەڵگرانی ڤایرۆسەکە خراونەتە ژێر چاودێرییەوە بۆ 137 هەزار و 594 کەس بەرزبووەتەوە، 328 کەسیش دوای وەرگرتنی چارەسەر و چاکبوونەوەیان نێردراونەتەوە ماڵەوە. هەروەها تەرمی ئەوانەی بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیان لەدەستدەدەن لە چەند شوێنێکی تایبەتی نزیکی نەخۆشخانەکان دەسوتێندرێن.

لەلایەکی دیکەشەوە لە هەرێمی هۆنگ کۆنگ،14 حاڵەت و لە هەرێمی ماکاو حەوت حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمار کراون. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە تەنها لە24 کاتژمێری ڕابردوودا،45 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و 590 حاڵەتی توشبوون و پێنج هەزار و 19 حاڵەتی گومانلێکراو تۆمارکراون. زۆرینەی حاڵەتەکانیش لە ویلایەتی هوبەی تۆمار کراون، بەجۆرێک لە کۆی 304 حاڵەتی گیان لەدەستدان لە سەرتاسەری چین 294یان لەم ویلایەتە بوون، ئەمە جگە لەوەی ژمارەی توشبوانی ڤایرۆسەکە لە ویلایەتی هوبەی نۆ هەزار و 74 کەسە. بەمەڕبەشەوە پشووی جەژنی بەهار لەو وڵاتە تا 13ی شوبات درێژکرایەوە.

هەروەها لە ویلایەتەکانی جیانگ 599، گوانگدۆنگ 604، هنان 493، هونان 389، ئانهوی 297، جیانگشی 333، جیناگسو 236، سچوان 231، ساندونگ 225، حاڵەتی توشبوون تۆمار کراون. لە گەورەشارەکانیشدا ڕێژەیەکی بەرچاو تۆمار کراوە بەجۆرێک ژمارەی توشبووان بە ڤایرۆسەکە لە پەکینی پایتەخت 168، لە شانگەهای 177، لە تیەنجین 41 و لە جۆنگجینگ 262 کەس بوون.

لە وڵاتانی دیکەش ژمارەی توشبووان بەم جۆرە بووە؛ لە تایلاند 19، لە ژاپۆن 20، لە سینگاپور 16، لە کۆریای باشوور 12، لە ئوسترالیا نۆ، لە ماڵیزیا، ئەڵمانیا و ئەمریکا هەر یەکەیان هەشت، لە فەرەنسا و ڤیێتنام هەر یەکەیان شەش، لە ئیمارات و کەنەدا هەر یەکەیان چوار، لە بەریتانیا، ڕووسیا و ئیتاڵیا هەر یەکەیان دوو، لە نیپاڵ، کامبۆدیا، سریلانکا، هیندستان، فلیپین، فینلاد، ئیسپانیا و سوید هەریەکە یەک حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمار کراوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبای چین جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و لە 31ی کانوونی یەکەمیشدا کۆمیسیۆنی تەندروستی شارەوانی وهان ڕایگەیاند دوای ئەوەی 27 کەس بەهۆی سەردانیکردن و کارکردن لە بازاڕی بەروبومە دەریاییەکانی هوانان دووچاری ڤایرۆسەکە بوون، بازاڕەکەیان داخستووە. لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە سەرچاوەی ڤایرۆسەکە چەند جۆرێکی شەمشەمە کوێرە و ماڕە، بەمەڕبەوە تا بنەبڕکردنی ڤایرۆسەکە بازرگانیکردن بە ئاژەڵە کێویەکانەوە قەدەغە کرا.

لە ماوەیەکی کورتیشدا ڤایرۆسەکە بۆ شار و ویلایەتەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد و بەم هۆیەوە لە 22ی ئەم مانگەوە لە16 شاری ویلایەتی هوبای هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی وەستێندراون. لە بەشێکی شارەکانیشدا تەنها نەخۆشخانە، دەرمانگا، بەنزینخانە و مارکێتەکانی فرۆشتنی خۆراک کراوەن و سەرجەم شوێنەکانی دیکە داخراون. حکوومەتی چین لە شاری قنجۆ و هەردوو شارۆچکەی هوانگگانگ و جیانگی سەربە شاری هوبای هاتوچۆی هاوواڵاتیانی سنووردار کردووە، بەفرمانی حکوومەت لە هەر مانێکی ئەو ناوچانە دوو ڕۆژ جارێک کەسێک بۆی هەیە بێتە دەرە و لە بازاڕ پێداویستی خێزانەکەی بکڕێت، جگە لە سەردانکردنی نەخۆشخانە و هەندێک کاری بەپەلەی دیکە، هەموو هاتوچۆیەکی هاووڵاییان قەدەغەیە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەشەوە زۆرێک لە کۆمپانیا فرۆکەوانییە جیهانییەکان گەشتەکانیان بۆ چین وەستاندووە و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لە ناکاوی ڕاگەیاندووە.

نیویۆرک تایمز: حکوومەتی چین هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنایە

ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەمریکا ئاشکرای دەکات، هۆکاری سەرەکیی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا بەو شێوە بەربڵاوە حکوومەتی چینە، چونکە هەر لە سەرەتاوە گوشاری خستووەتە سەر پزیشکەکان کە بابەتەکە ئاشکرا نەکەن. نیوۆرک تایمز ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی، لە ژمارەی ڕۆژی 2020/2/2 قسەی لەگەڵ ئەو پزیشکە کردووە کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەی بۆ یەکەمجار ئاشکرا کرد.

هەمان ڕۆژنامە لەسەر زاری چەند بەرپرسێک و پزیشکێکی چینییەوە بڵاوی کردووەتەوە، حکوومەتی چین گوشاری خستووەتە سەر پزیشکەکان کە بە هیچ شێوەیەک بۆیان نییە باس لە بڵابوونەوەی ئەو ڤایرۆسە بکەن، چونکە بۆ ئاساییشی ناوخۆی چین مەترسیدارە. ئەو پزیشکەشی بۆ یەکەمجار لە پێگەی خۆی لە تویتەر باسی لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە شاری وهان کردووە و بە توندترین شێوە سزا دراوە.

لی وینلاینگ پزیشکی چینی کە بۆ یەکەمجار بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسەی ئاشکرا کرد لە وهان، قسەی بۆ ڕۆژنامەی ناوبراو کردووە و، دەڵێت: "لە 2019/12/ 30 لە سۆسیال میدیا گرتە ڤیدیۆیەکم بڵاو کردەوە، کە باسم لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە کردووە و گوتوومە7 کەس تووشی ئەو ڤایرۆسە بوونە، هەروەها باسم لەوە کردووە کە لە 2002 لە چین ڤایرۆسی800 SARS کەسی کوشت، ئایا هەمان ڤایرۆس تووشی چین بووەتەوە؟ بەڵام لە نیوەشەودا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەم هاتە ماڵەکەم و بە تووندی قسەی لەگەڵ کردم و گوتی چۆن شتێکی لەو شێوەیە بڵاو دەکەیتەوە و دەبێت بەپەلە بە درۆی بخەیتەوە. باسی لەوەش کردووە، کە بۆ سێ ڕۆژ دوای ئەوە پۆلیس هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵەکەیان و کاغەزێکیان پێ ئیمزا کردووە کە ئەو قسانەی کردوویەتی درۆ بووە.

چەند بەرپرسێکی تری چینی بەبێ ئەوەی ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن، قسەیان بۆ (نیوۆرک تایمز) کردووە و ئاماژەیان داوە کە حکوومەتی چین هەموو هەوڵێکی دا تا بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە لە هاووڵاتیان و ڕای گشتی چین بشارنەوە، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر کەس نەیزانیوە ڤایرۆسەکە بڵاو بووەتەوە و سەدان کەس تووشی ئەو ڤایرۆسە بوون. وەک ئەوەی باس دەکرێت، ئەگەر لە سەرەتاوە چین ئاشکرای بکردایە ڤایرۆسەکە بڵاو بووەتەوە، ئەو هەموو هاووڵاتیە نەدەمردن و بەپەلە ئامادەکاریان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەکرد.

ڕووسیا: گرێبەستی سەدە لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش یەکناگرێتەوە

گوتەبێژی کرملین، دمیتری پێسکۆڤ ڕەخنەی لە پلانەکەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرت بە ناتەبا لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش ناوی برد. پێسکۆڤ تیشکی خستە سەر ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی پرسی فەڵەستین و ئیسرائیلەوە د.

جێی باسە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو 28ی کانوونی دووهەم، سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو سازیکرد، بەشێوەیەکی تاکلایەنە، پلانی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە "گرێبەستی سەدە" ناوزەند دەکرێت بۆ ڕای گشتیی ئاشکراکرد.

دۆناڵد ترەمپ تیشکی خستەسەر ئەوەی کە پلانەکەی لە 80 لاپەڕە پێکهاتووە و جەختی لەوەکردەوە کە ماددەی زۆر بە نرخ لەخۆدەگرێت بۆ ئیسرائیل و لایەنی فەڵەستینیش. سەرۆکی ئەمریکا لە سەرەتای گوتەکانیدا، ئاماژەی بەوەکرد کە لە پلانی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، شاری ئۆرشەلیم وەک پایتەختی "بەشنەکراو"ی ئیسرائیل قبوڵ دەکرێت و جەختی لەوەش کردەوە کە پلانەکە دوایین دەرفەتە بۆ فەڵەستینییەکان.



سەقز.. کۆڵبەرێک گیانی لەدەستدا و چارەنووسی دوو کۆڵبەری دیکەش نارووننە

بەهۆی بەفربارین و سەرما و سۆڵەوە کۆڵبەرێکی کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی سەقز ڕەقهەڵات و چارەنووسی دوو کۆڵبەری دیکەش نارووننە. بەرپرسی مالپەڕی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بە خەباتی ڕاگەیاند: دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە 2020/2/1 تەرمی بێ گیانی کۆڵبەرێک بەناوی عوسمان فتووحی، 55 ساڵ تەمەن، کوڕی عەلی و خەڵکی سەقز کە یەکێک لەو کۆڵبەرانە بوو لە بەفر و بۆراندا ون بوون، دۆزرایەوە.

بەپێی هەمان سەرچاوە هیچ زانیارییەک لەبارەی چارەنووسی دوو کەسی دیکە لەو کۆڵبەرانە بە ناوەکانی ئەمیر تورجانی، خەڵکی تورجان و ئەمیر کەریمزادە، خەڵکی دەرەزیارەت، لەبەردەستدا نییە. هاووڵاتییەکی کورد کە لە هەڵمەتی خۆڕسکی خەڵکی بۆ بەهاناچوونی ئەو کۆڵبەرانە وەڕێ خراوە بەشدارە، ڕایگەیاندووە هەتا ئێستا گرووپە خۆڕسکەکان و هێزەکانی فریاکەوتن بەهۆی بەفرباری زۆرەوە نەیانتوانیوە تەرمی ئەو کۆڵبەرەی گیانی لەدەستداوە، بگوازنەوە. هەروەها برازایەکی عوسمان فتووحی کە قاچی تووشی سەرمابردوویی بووە، بۆ ناوەندە دەرمانییەکانی سەقز گوێزراوەتەوە. ماوەی چەند ڕۆژێک بوو پۆلیک کۆڵبەر لە ناوچە شاخاوییەکانی سەرشێوی سەقز لەناو بەفر و کڕێوەدا گیریان خواردبوو کە دواتر ڕزگاریان بووە و ئێستا تەنیا دوو کەسیان چارەنووسیان نارووننە

سەندەی تەلەگراف: بەهۆی هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە هیچ مەسیحییەک لە عێراق نامێنێت



ڕۆژنامەیەکی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات، بەهۆی هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە، هیچ مەسیحییەک لە عێراق نامێنێت. لە ڕاپۆرتەکەدا، ڕۆژنامەی سەندەی تەلەگراف، تیشکی خستووەتە سەر ژیانی مەسیحییەکان لە عێراق و ئەو هەڕەشانەی وایان لێدەکات وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کڵێسای سانت جۆزێف لە بەغدا چۆڵ بووە و لە کۆی 500 خێزانی مەسیحی لە دەوروبەری کڵێساکە، 450 خێزان ڕوویان کردووەتە دەرەوەی عێراق.

نووسەری ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە نەبوونی دەسەڵاتی یاسا لە عێراق و بڵاوبوونەوەی هزری تائیفی کردووە و بە دوو هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق، هەژمار کردوون. یەک ملیۆن و 500 هەزار مەسیحی بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 لە عێراق بوون و ڕۆژنامەکە بەریتانییەکەش ئاماژە بەوە دەکات، کە زۆرینەیان عێراقییان بەجێهێشتووە.

نووسەری ڕاپۆرتەکە مەترسیی خۆی لەوە نیشان دەدات کە هەڵمەتێکی دیکەی هاوشێوەی 10 ساڵ پێش ئێستا، کە چەندین کڵێسای مەسیحییەکان لەلایەن میلیشیا و گرووپە تۆندڕەوەکان سووتێندران، بکرێتەوە سەر ئەو مەسیحییانەی لە عێراق ماون. بەشێکی زۆری مەسیحییەکانی عێراق بە تایبەت مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا، بەهۆی هەڕەشە بەردەوامەکانی گرووپە تیرۆریستی و تۆندڕۆکانی عێراق، وڵاتەکەیان بەجێهێشتووە و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و هاوشانی مەسیحییەکانی کوردستان، بە ئاشتییانە لەگەڵ کوردانی موسوڵمان و نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی کوردستان، دەژین.

جەخت لە پێویستیی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان کرایەوە

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە باڵیۆزی نوێی سوید و کونسوڵی گشتیی کوەیت کرد





دوێنێ یەکشەممە /2020/2 2هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە لارس ڕۆنۆس باڵیۆزی نوێی سوید لە عێراق کرد، لە دیدارێکدا کە نەجات شەعبان و کاروان گەزنەیی و بەڵێن ئیسماعیل ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بوون، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە لارس ڕۆنۆس کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەک باڵیۆزی نوێی سوید لە عێراق و پوختەیەکی سەبارەت بە کارەکانی پەرلەمان و پێکهاتەکەی و کاری لیژنەکان و ئەو یاسا گرنگانەی کە لە خولی پێنجەمی پەرلەمان دەرچوونەتە ڕوو، ئاماژەی بەوەدا نێستا وەزارەتی پێشمەرگە دەستیکردووە بە چاکسازیکردن لە ڕێکخستنەوەی هەیکەلیەتی وەزارەتەکەی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەشێوەیەکی مۆدێرن و سەردەمیانە.

لای خۆیەوە لارس ڕۆنۆس باڵیۆزی سوید لە عێراق جەختی لەسەر پێویستیی پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و وڵاتەکەی کردەوە، هەروەها خۆشحاڵیی خۆشی بەدەرکردنی یاسای چاکسازی دەربڕی و بە یاسایەکی گرنگیزانی بۆ پێشخستنی کاری حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان و هیوای خواست کەپەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو کارانەی کە بەنیازن لە داهاتوودا ئەنجامی بدەن سەرکەوتوبن.

هەروەها دوێنێ یەکشەممە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لەپێکهاتە جیاوازەکان پێشوازیی لە عومەر ئەحمەد ئەلکەندەری کۆنسوڵی گشتیی دەوڵەتی کوێت لە هەولێر کرد. لە دیدارێکدا کۆنسوڵی گشتیی کوێت لە هەولێر پیرۆزباییی لە پەرلەمانی کوردستان کرد بەبۆنەی پەسەندکردنی یاسای چاکسازیی و بەهەنگاوێکی گرنگی دانا لە ئەنجامدانی چاکسازی لە گشت بوارەکاندا، هاوکات خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی پەرلەمانێکی چالاکە لە دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان و سەرسامی خۆی نیشاندا بەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بوارەکان و ئەو پێکەوەژیانە ئایینی و نەتەوەییەی کە لە کوردستان هەیە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تیشکی خستەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و ئەو ڕێککەوتنەی کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەنجامدراوە لەسەر بنەمای دەستووری عێراقی فیدراڵ، باسی لەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراقیش کرد سەبارەت بەدەرکردنی هێزە بیانییەکان و ڕایگەیاند: لە ڕابردوودا ئەو هێزانە هاوکارێکی باشی هێزە عێراقییەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونە لە موشق و ڕاهێنان و پرچەککردنیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و لە ئێستاشدا مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە گرنگ و پێویست دەزانێن، چونکە تیرۆریستانی داعش کۆتاییان نەهاتووە و مەترسیی گەورە و ترسناکیان هەرماوە لەناوچەکەدا.

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی: بە هانای داواکاری خاوەن دوکانەکانی بازاڕە سووتاوەکەی دهۆک دەچین

هەڵمەتی بڕینی زێدەڕۆیی سەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی دەستی پێکرد

بەمەبەستی باشترکردنی دۆخی کارەبا و نەهێلانی سەرپێچی و زێدەڕۆییەکانی سەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی، دوێنێ یەکشەممە 2020/2/2 لێژنەی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر بە سەرۆکایەتی نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و ئەندازیار حوسێن حەمەد بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبا و بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، هەڵمەتی بڕینی زێدەڕۆیی سەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی دەستیپێکرد.

هەڵمەتەکە لە هەردوو گەڕەکی خانووی ئەمین عامەکان و 9ی وەزیرانی شاری هەولێر دەستیپێکرد و بەردەوام دەبێت و سەرجەم قەزا و ناحیە و گوندەکان و سەنتەری شاری هەولێر دەگرێتەوە، هەر کەس و لایەنێک سەرپێچی کردبێتە سەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی لەلایەن لێژنەکانەوە کە لەهەموو قەزاکان بە سەرپەرشتی قایمقامەکان و ئەندامیەتی پۆلیسی کارەبا و فەرمانگەکانی کارەبا پێکهێنراوە ڕێکاری یاساییان لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر.

پێشووتریش د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر سەبارەت بە دەستپێکردنی هەڵمەتی بڕینی سەرپێچیی سەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی ڕایگەیاندبوو: ئەو هەڵمەتە هەموو کەس دەگرێتەوە و هیچ کەسێکیش پارێزبەندی لەسەر نییە.

جێگەی باسە ئەو زێدەڕۆییانەی کە کراوەتە سەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر هێڵەکانی کارەبا، ئامانجی سەرکێیش لەو هەڵمەتە باشترکردنی دۆخی کارەبایە بە شێوەیەکی گشتی لە سنوری پارێزگای هەولێر.

وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

ئەولەویەتی کاری وەزارەت سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە

لەڕاگەیاندراوێکدا وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە کە دوێنێ یەکشەممە 2020/2/2 بەسەرپەرشتی ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەت سێهەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەچوو. وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم دەشڵێت، لە میانی کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت هەڵسەنگاندنیان بۆ کاری شەش مانگی ڕابردووی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان کرد و هەروەها پێشنیارو بڕیاری گونجاو درا بۆ ئایندەی کاری وەزارەت.

لە کۆتاییدا وەزیری دارایی و ئابووری ئاماژەی بەوە کرد کە ئەولەویەتی کاری وەزارەت سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە. دوپاتیشی کردەوە کە سەرکەوتنەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان تەنها بە کاری پێکەوەیی بەدەست دێن.

بەرپرسی لقی 16: دابینکردی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ خەڵکی سنوورەکە ئەرکی لەپێشینەمانە



لەبەردەوامی سەردان و بەسەرکردنەوەی هاونیشتمانیان و نوێنەرانی چین و تووێژە جیاجیاکانی سنوورەکە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانیان ، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری چیا محەمەد هەرکی و ئاواره هەولێری و کازم مەسیفی کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەکان سەردانی هەریەکە لە مەلا حەسەن ماونی و قەهار ڕەحمان و فەرهاد حاجی عەلی و ئازاد عەریف شێخە و مسکێن سێلکی کرد. لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو هاونیشتمانیانە، بەوردی لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانی هاوڵاتیانی کۆڵیەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی سنوورەکەو دابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی سنوورەکە و جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەڕێگای دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سوودی گشتی بۆ تەواوی خەڵکی دەڤەرکە هەبێت.

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ساویژ) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئاژەڵی زیندوو بەروبومی ئاژەڵی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (راستگو محمد علی محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠٢٠/٢/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ساویژ) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئاژەڵی زیندوو بەروبومی ئاژەڵی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ راستگو محمد علی محمد
ناونیشان/ هەولێر – اسکان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٥٧٢٤٢٥
ئیمل: yahoo.com@rastgo٨٣

پێشینەیەکی مێژوویی

سەبارەت بە ئایین و مەزهەب لە ئێراندا



کەمال نوری مەعروف
لە فارسییەوە گێڕیویەتی

بەشی چواردم

سەرەنجام خەسرەو ئاشتی پێشنیارەکەی لە هێراکلیۆسدا داوەتە دواوە و گەورە لەشکرییەکانی ئێرانیش کەوتونەتە ئاژاوەنانەوە و ئەویان خستۆتە زیندانەوە و دوای کوشتنی (شیرۆ)یان کردۆتە پادشا ،ئەویش دوای چەند مانگێک لەپادشایەتییەکەی هەستاوە بە کوشتنی (17)کەس لەشازادەکان تاوەکو نەتوانن بەپلەی پادشایەتی بگەن.

لەو بارودۆخەداو ئاژاوەنانەوەیەدا بارودۆخی دەوڵەت تێکچووە و لەماوەی چوار ساڵدا ئێران (10) پادشای بەخۆزە دیوە کە کۆتاییەکەی بە ئەنەوشیروانی کوڕی خەسرەوی پەرویز هاتووە کە هەردوو ژنەکەی عیسایی بوون.

قەشە گەورەکانی شارە پڕ کۆمەڵگاکان لە (نەسیبین) و (جوندی شاپور) و (فورات) و (میسان) و (هەولێر)و (کرکوک) و (ئەردەشێر) واتە (خورەی فارس) و (مەرۆ) و (ماوراء النهر) و (ئەسفەهان) خاوەنی ماڵێکی ڕێکوپێک بوون و هەموویان لەژێر دەستی سەرۆکایەتی پاتریارکی (مەدایین)دا بووە کە سەرکردایەتی سەدان (کەشیش) و (شەماسە)ی کردووە و خەڵکیان فێری ئینجیل کردووە و گوناهباران لای ئەوان دەدانیان بەتاوانەکانیاندا ناوە و تۆبەیانکردووە و کارەکانی کلێساش بەکۆمەکی لەگەڵ یەکترا بەمشوەردت رایان پەڕاندووە. لەکۆتایی چاخی شەشەمدا ئایینی عیساش لەئێراندا گەورە بووە و توانای زیاتری بۆ پەیدابووە و پەرەی سەندووە.

لەسنووری (550)ی زایینی گەلانی هۆزنی سپی (هەیاتیلە) هێرشیان کردۆتە سەر ئێران و فەیرۆز پادشای ساسانی بەرامبەریان جەنگاوە. لەو ڕۆژگارەدا (مارابا) کە باتریارکی مەدایین بووە ،پەیامنێرانی کە نزیک بەو گەلە وەحشییە بوون، نومایندەی خۆیان ناردووەتە لایان کە رازین ئایینی مەسیح بەوان بگەیەنن.

لەکۆتایی چاخی شەشەمدا بلاوبوونەوەی ئایینی عیسا بە جۆرێک بووە کە نزیک بۆتەوە لە مەدایین و توانیویانە بەخۆیێن بەرامبەر بە (موبز) و (موبزان) بجەنگن، چونکە ئەوان هێزێکی زۆر بوون لە ژمارەن نەهاتوون. لەبەرئەوەی زەردەشتییەکان نەیانتوانیوە چاودێری تەواو بخەنەسەر مەسیحییەکان و ئایینەکەیان ئەمەش بووەتە هۆکاری پارچەبوونی کۆمەڵایەتی لەئێراندا و لەناو گەلەکانیدا یەکێتی نەهێشتووە، بۆیە وایکردووە کە لەسەرەتای چاخی حەوتەمی زایینداً نەتوانن بەربەستێک دروستبکەن بەرامبەر هێرشی ئەعرابە موسوڵمانەکان کە سەرەنجام بەرەنگاریان بۆ نەکراوە و بووەتە هۆی نەمانی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکان و دەستکەوتی فەرهەنگییان. لەچاخەکانی هەوەڵینی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامدا واتە لەچاخی دووەمەوە تاوەکو حەوتەمی کۆچی کەشیشەکانی ئێران لە ئازەربایجان واتە لە (ورمێ) و (خوراسان) و (توس) و (تورکستان) و (مەرۆ) پەیوەستبوون بە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی ئایینی عیسا لەناو تورک و مەغۆل و تاتارو گەلانی تری باکوور کە هەتاکو سنووری چین پێشڕەوییان کردووە.

دەڵێن یەکەم گەیەنەری ئایینی مەسیح بۆ چین کەشیشێکی ئێرانی بووە بەناوی (ئولوپن)ی دانیشتووی (بەڵخ) کە لەو وڵاتەدا یەکەم کڵێسای مەسیحی دامەزراندووە.

لەچاخی سیانزەی زایینی سەردەمی لاوازی مەسیحییەت لەئێراندا دەستی پێکردووە و ئەم حاڵەتەش بەرەو زیادبوون چووە، جگەلە ئاسووریەکانی نەستۆری ئازەربایجانی خۆرئاوای وڵات کە ژمارەی نەسرانییەکانی کەمبوون، ئەم وەستان و لاوازبوونەش چەند هۆکارێکی بۆ دروست بووە کە ئەمانەن!

1ـ زمانی تایبەتی ئایینی مەسیح لە خۆرهەڵاتدا زمانی سریانی بووە کە لەسەدەی سێیەمی زایینی لەشام لەناو مەسیحییەکاندا قسەی پێکراوە، ئەوانە زمانیان ئارامی بووە و ئینجیل و پەڕاوە ئایینییەکانیش بەهەمان زمان نووسراون. شتێکی ئاشکراشە کە خەڵکی ئێران و گەلانی تری خۆرهەڵات بەو زمانە ئاشنانەبوون و نەیانتوانیوە بەچاکی لێی تێبگەن. ئەمڕۆش ئەو زمانە لەچاخی سیانزەهەمەوە بەشێوەیەکی گشتی نەماوە و ئاشنا نەبوون و هەر بەو شێوەیەش نووسراوی پەروەردەی مەسیحییەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە.

2ـ گەورەیی خاکی ئاسیاو دەشتە پان و بەرینەکانی نەیانهێشتووە کە گەورەکانی کڵێسای بەغدا بتوانن پەیوەندی بە قەشەکانی دانیشتووی زۆر شوێنەوە بکەن کە سەر بەو حەوزەیە بوون، بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوە لەسەر کاری کڵێساکانی (خوراسان) و (ماورا و النهر) و (کاشمەر) و مەملەکەتەکانی (هیندستان) و (چین) کە دوچاری تیچکچوون بوون کە سەرۆک یان دادوەریان نەبووە بەڕێوەیان بەرن.

3ـ سوڵتانەکانی تورک و مەغۆل و تاتار کە جێنشینی خەلیفەکانی عەرەب و میرەکانی ئێران بوون کە هاتبوونە ناو ئایینی ئیسلام دەمارگیربوون و کینەیان بەرامبەر ئەوانە هەبووە کە موسوڵمان نەبوون، خوێنیان دەڕشتن کە لەناو بازنەی ئیسلامەتیدا نەبوون و هەستیان بە چاکەیان نەدەکرد. تەنیا چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ کۆتایی سەدەی حەوتەم کە هێرشی جەنگیزخان دەستاقمێکرد، لەئەنجامی ئەوەدا هەندێک لە پادشا بتپەرستەکان و ئەوانەی خۆشییان لە ئازار دەبینی لە مەغۆلەکان بوونە مەسیحی، لەوانە (ئاباقاخان) و کوڕەکەی (ئەرغۆن خان) ئەم خانانەی مەغۆل لەگەڵ نەسارەکانی ئێراندا بەباشی جوڵاونەتەوە. بەڵام دوای ئەوەی (غازان خان) چووەتە ناو ئایینی ئیسلام بە هەموو دەمارگرژییەوە فەرمانڕەوایی کردووە و تەواوی پەرستگاکانی مەسیحی وێرانکردوون و کۆبوونەوەکانی ڕاگرتوون و قەدەغەی کردوون.

کاتێک لەچاخی پانزەهەمی زایینی، چاخی هێرشەکانی تەیموری لەنگ هات کە بەتەواوی تێکەڵاوی خراپەکاری و خوێنخواری بووە و شارە گەورەکانی ئێران و نێوان دوو ڕووبارو شام و دانیشتوانەکانیان توشی ڕەشەکوژی سامناک هاتوون. لەم کوشتارە ترسناکانەدا عیساییەکان بوونەتە خۆراکی شمشێر. دوای تەیمور پاشماوەی ئەم نەسرانیانە لەناوچەی کێوەکانی ئەرمەنستان و کوردستان و ئازەربایجان و گورجستان توانییان خۆیان بپارێزن و دەریشکەوت کە کڵێساکانی هیندی باکوورو کڵێسای چین هەر لەو سەردەمەدا و لەو نێوانەدا بەگشتی وێرانکراون و تەواو بوون.

ئەو دەستوشاندنە ترسناکەی چاخی مەغۆل و تاتار کە بە کڵێسای نەستۆریان کرد جارێکیتر کەشیشەکانی تاقمی کڵێساکانی سەرلەنوێ پەیوەست کردنەوە بە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆم، ئەمەش وایکرد پەیڕەوانی کاسۆلیک وەکو جاران لەئێران دەربکەونەوە.

لەسەرەتای چاخی بیستەم لە کێوەکانی کوردستان لەنێوان دەریاچەی (وان) و ڕووباری زابی سەرو کە بەسنووری (70) هەزار نەسرانی نەستۆری هەبوون بەتەواوی پەیوەندییان بە ئایینی باپیرانەوە هەبووە و ئاداب و فەرهەنگی خۆیان پاراستووە و پێیان وتوون ئاسووری.



ئایینی مەسیح:

وشەی مەسیح کە بەمانای هەنوکردن دێت واتە ڕزگاربوون، لە زمانی یۆنانیشدا بەمانای (کریستۆس) لێکدراوەتەوە. پەیڕەوانی عیسای مەسیحیش بە زمانەکانی ئەورووپایی کریستیانیان پێدەڵێن.

گەلی یەهودیش بەهۆی پەیوەندییان بە ئێرانییەکانەوە باوەڕیان بە ڕزگارکەرێک هەیە کە ڕزگاریان بکات ئەویش (سوشیانس)ەو لەکۆتایی دنیادا دەردەکەوێت. عیسا سەلامی خوای لێبێت کە لە پەیامبەرە گەورەکانەو خاوەنی کتێبی (ئینجیلە) ،لە (بەیت لەحم) لە (نانەواخانەیەک)دا لە باشووری (ئورشەلیم) لەدایکی پاک بەناوی مریەم هاتۆتە دنیاوە.

مریەم هاوبەشیکردووە لە کۆبونەوەیەکدا لە (بەیت لەحم)، بەهۆی زۆری کۆبووەکان و دڵایەتیکردنی ناچار پەنای بردۆتە بەر شوێنەکە و شەوی تێدا گوزەراندووە و لەو شوێنەدا عیسای مەسیح هاتۆتە دنیاوە.

هەر لەو سەردەمەشدا (3) موغی ئێرانی ئەستێرەی ئەویان لەخۆرهەڵات لەفەلەستیندا دیوە کە کلکدار بووە.

ئەو لەدایکبوویەکی پیرۆزە کە بە ڕوویدا دیارە لە نوێژکردندایەو دیاری خۆی بەئەو پێشکەش دەکات.

عیسای مەسیح لە (3) ساڵیدا بەهۆی یەکێک لە پەیامبەران و گەورەکانی سەردەمی خۆی یەحیای کوڕی زەکەریا ناسراوە و دەردەکەوێت. دەریش کەوت ماوەیەک لای ئەو شاگردی کردووە و حوزوری پڕ خێرو ڕوحانیی و سوودبەخش بووە.

عیسای مەسیح هەر وەکو (یەحیا) ئاماژەی بە دەستپێکردنی ئامۆژگارییەکانی لە شوێنەکانی وەکو کەنیشتەی جولەکەکان و ناو کێڵگەکان و بازارە گەورەکاندا داوە و لەگەڵ مرۆڤەکاندا گفتوگۆی کردووە و ئامۆژگاری داونەتێ بەو جۆرە بووە کە ڕۆحی هێزی خودایی، هێزی ئیمان و باوەڕی پەروەردگارە و شفا بە بریندار دەداو دەڵێ: بەسەلامەتی بڕۆ و جارێکیتر تاوان مەکەو ئیمانی تۆ دیوارێک دەبێت لەیەکسانی کە داوای دەکەیت.

عیسای مەسیح وەکو موسا یاساو شەریعەتی نەهێناوە، هەروەها کاری بەلاشەی مرۆڤ نەبووە و نەیخواستووە کە ناخی مرۆڤ چاک بکات بەڵکو یەکەمین ئامۆژگاری عیسا ئەوە بووە کە مرۆڤ بەپێی ئیرادەی خوایی ڕەفتار بکاو خواوەندیش لەوی خواستووە کە نەفسی مرۆڤ لای فریشتەکانی ئاسمان دەردەکەوێت و ئامادەسازی دەکات، بەم ڕێگایە لەگەڵ یەکترا ژیان ڕووی نیاز بە بەرچاوی کردگارادا دەهێنێ .

لە سیفاتە دەرکەوتووەکانی عیسا نیشاندانی پەیڕەوانی کارەکانی (باطنی)و وازهێنان لەکاری دەرکەوتووی ڕیباکارییە. ئەو وتوویەتی: ڕزگاری مرۆڤ تەنیا لەوەدایە کە دڵی پاکبێ و بەپێی دەستوور بە ویژدانی پاک ڕەفتار بکات ،ئەمەش ڕزگاری مرۆڤی تێدایە و لە نەمریدا لەو ڕێگایەوە دڵی سەرچاوە بگرێت.

تا ئەو کاتەی عیسای مەسیح تەنیا بەئامۆژگاری کردن هەڵدەستا جوولەکە کارێکی بەئەو نەبوو، کاتێکیش هێرشی بۆ سەر ڕوحانییەکانی جوولەکە دەستپێکرد و گاڵتەی پێکردن، یەهودییەکان بەتایبەتی تاقمی (فریسیان) و (صدوقی) بە دوژمنانی ئەو دادەنران.

قسەی ئەوان لەنێوان ئەوان و عیسادا دووبارە دەبوونەوە، لە ڕۆژێکی شەممەدا عیسا فەرمانی بە شاگردانی داوە بەناو کێڵگەیەکدا بگەڕێن, شاگردەکانیشی دەستیانکردووە بە لێکردنەوەی گوڵەگەنم، فریسییەکان بەوان دەڵێن: مەگەر ئێوە نازانن کە لە ڕۆژی شەممەدا کارکردن حەرامە ,عیسا دەڵێ: شەممە مرۆڤ بریاری لەسەرداوە نەک مرۆڤ بۆ شەممە دانرابێت، بەوشێوەیە مرۆڤی کوڕ خاوەنی ڕۆژی شەممەیە کە بۆی باشە.

ڕۆحانییەکانی جولەکە لەوە تێگەیشتوون کە عیسا تەنیا وتاربێژێکی کودەتایی نەبووە، بەڵکو ڕێنیشاندەرێکی کۆمەڵایەتی ناو خەڵکیشە, لەڕووەوە کەسێک بەناوی (ئەسخەربووتی) کە لەشاگردانی ئەو بووە شوێنی تۆ دیاریکراوی بە کەسانی تر نیشاندەاوە بەمەبەستی ناسینەوەی و دەستگیرکردنی.

(ئینجیلی هەرقل) نووسیویە: عیسا دوا شەوی ژیانی لە باخێک لە ئورشەلیم لەگەڵ شاگردەکانیدا بەسەربرد, کاتێک نانیان هێنا ,نانەکەی لێوەرگرتن و بەرەکەتی دایێ, پێیوتن: وەربگرن بیخۆن, سوپاسی خوا بکەن کە ئەمە جەستەی منە ,پیاڵەیەکیشی بەدەستەوە گرت کە هەموویان لێیان نۆشی وتی: ئەمە خوێنی منە کە بەسەر ڕێگای زۆر کەسدا دەڕژێت. پاشان سەربازانی ڕۆمی ڕژانە ناوەوە و یەهودی ئەسخەربووتی عیسای ماچکرد بۆ ئەوەی ڕۆمییەکان ئەو پیاوەی بەشوێنیدا دەگەڕان، بناسنەوە.

ئەویان دەستگیرکردو ناردیان بۆ دادگای ئایینی (سنهەدرین) کە بەرزترین شورای جولەکەیە بووە لە ئورشەلیم. وەڵامی عیسا لەمەدا ئەوە بووە کە مەسیحە، ئەوانیش ئەمەیان بە کفر داناوە و فەرمانیان داوە بە مردنی. (پیلاتسی) داوەری ڕۆم زۆر هەوڵیداوە بەڵکو عیسا لە مردن ڕزگاربکات و گیانی لە خاچ نەدرێت, بەڵام ڕۆحانییەکانی جولەکە نەچوونەتە ژێر ئەو بارەوە و سەرەنجام بردوویانەو لەخاچیان داوە.

خواوەندی گەورە لەسورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: گومانی تێدا نییە کە عیسا نەکوژراوە یان لەخاچ نەدراوە بەڵکو خواوەند ئەوی بۆ لای خۆی بەرزکردۆتەوە.

ئەو سەیرکردنە کە عیسای مەسیح لە خاچ نەدراوە و سەرکەوتووە بۆ ئاسمان لای مەسیحییەکانی (3) بنەچەکە(ئەقنومەکە) تەواو ڕاستە، چونکە ئەوانە سیانەی پیرۆزترێن و باوەڕیان وایە کە وادەڵێن.

(ئەقنووم) وشەیەکی سریانییە بەمانای بنەچە دێت. هەر مەسیحییەک سەر بە بنەچەی یەکەم بێت دەڵێن ڕوحی قودس لە ڕەحمی مریەمی پاکیزەدا دروستبووە، ئەمەش کارێکی گەورەی جیهانییە کە ڕوویداوە و عیسای مەسیحی هێناوەتە دنیاوە. پاش ئەوەی لەڕوالەتدا مرد واتا لەدنیا دەرچوو ,عیسای (ڕوحولقودس) هاتۆتە خوارەوە بۆ لای حەواریەکان، ئەم هاتنەش بوو بە شایەتێک بۆ ژیانی هەتاهەتایی مەسیح لەجیهاندا.

لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە عیسا بە (کەلیمە) ناوبراوە، هەروەها لەسورەتی (نساء)یشدا عیسا پەیامبەری خوایەو (کەلیمە)ی خواش لەلایەن (روح الامین)، (جوبرائیل)ەوە بەو گەیشتووە.

لە قورئاندا (3) کوچکەی مەسیحییەت بەمانای پارچەبوون و یەکگرتنەوەیە و (3)بنەچەکەش لەگەڵ یەکتردا دەداتە دواوە، بەڵام لەناوهێنانی (عیسا)دا بە (کەلیمە) لەگەڵ مەسیحییەتدا هاوڕایە.

ئینجیل:

لە بنەچەدا وشەیەکی یۆنانییە بەمانای (مژدە) دێت کە لەو سەردەمەدا (ئاوانگلیۆن)یان پێوتووە و لەزمانی پەهلەویشدا بەشێوەی (ئانگلیۆن) هاتووە و لە کۆی زمانی عەرەبیشدا (ئاناجیلە).

ژیاننامەی عیسای مەسیح و نیشاندانی ڕەوشتی ئەو لە تەواوی ئینجیلەکاندا گونجاوە، بەڵام لەناو کۆمەڵەی ئەو ئینجیلانەدا تەنیا لەسەردەمی نوێدا ئەمە دەڵێن.

ئەم ئینجیلانە چوارن، (مەتی)، (مەرقس)، (لۆقا)، (یۆحەننا) کە لای مەسیحییەکانی جیهان ئەوانە بڕوایان پێدەکرێن و ئینجیلەکانی تریش کە ژمارەیان (114) ئینجیل زیاترن و بەرچاوەکەون، لای کڵێسا لەدەرەوەی ئەم کتێبە ئاسمانیانە ناسراو بوون.

ئینجیلی مەرقس:

کۆنترین و کورتترین ئینجیلە کە پێکهاتووە لە (16باب) و زۆر لەوانەیە لە سنووری ساڵەکانی (65-70)ی زایینی لە (ئانتاکییە)ی شام نووسرابێت و دەڕچووبێت کە بەدەست گەیشتووە. ئەم ئینجیلە پێکهاتووە لە یاداشتنامەی (قەشە پتروس)ی (حەواری)، ئەمە لەکاتێکدا بووە کە (یۆحەننا مەرقس) لەئورشەلیمدا ژیاوە پێش ئەوەی بۆ (ئانتاکییە) بڕوات کە نووسیویەتیەوە و ئینجیلی مەتی لەڕواڵەتدا لە (2) ئینجیل پێکهاتووە کە (مەرقیون) و (مەرقس)ەو لەنزیک ئانتاکییە نووسراوە و دەرچووە و لە (28باب) پێکهاتووە. لەم ئینجیلەدا هاتووە عیسا هەمان مەسیحە کە پەیامبەرانی جوولەکە پێشبینی هاتنیان کردووە و ئەو پەیامانەیان داوە.

مردنی مەتی لەساڵی 79ی زایینی بووە لە وڵاتی حەبەشە و وتویانە کە ئەو ئینجیلی بە زمانی ئارامی نووسیوەتەوە، بەپێچەوانەی کەسانی تر کە بە یۆنانی نووسیویانە. بەداخەوە وێنەی ئارامی ئەو ئینجیلەمان لەبەردەستدا نییە جگەلە گۆڕینە یۆنانییەکەی نەبێت.

ئینجیل لۆقا:

لۆقا پزیشکێکی یۆنانییە کە کاری پزیشکی کردووە و دۆستی پۆڵس پەیامبەر بووە. ئینجیلی ئەو پێکهاتووە لە (24باب) کە باس لە جێگیربوونی خوا لە پەیکەری عیسادا دەکا و کۆچێتی مریەمی پاکیزە لە لەدایک بوونی خوایی عیسادا ڕۆشتووە. ئەو ئینجیلی خۆی بە زمانی یۆنانی بۆ تایەفەکانی غەیری جوولەکە نووسیوە.

ئەم (3) ئینجیلە لەنێوان ساڵەکانی (60-75)ی زایینی نووسراون و بەئێمە گەیشتوون.

ئینجیلی یوحەننا:

ئەم ئینجیلە گەورەیە ڕووداوە گرنگەکانی لەخۆگرتووە کە لە 3ئینجیلی یەکەمدا باسیان نەهاتووەولە (21باب) پێکهاتووە. یوحەننا کارەکانی پەیامبەرانی لە ئینجیلی لۆقاو چۆنێتی بڵاوبوونەوە و بەرەوپێشچونی مەسیحییەتی لەخۆرئاواداتاوەکو سەردەمی (پۆڵس) باسکردووە. ئەم ئینجیلە لەساڵانی پیرێتی یوحەننادا لە شاری (ئافس) لەئاسیای بچووکدا نووسراوە.

وردەکارییەکانی پلانەکەی ترەمپ بۆ ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا



ڕەمزی میرەکانی

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر یەکەم پێشنیاری سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ، بۆ دەستکردنەوە بە پرۆسەی ئاشتیی لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، کە لە مێژە وەستاوە، سەرۆکی ئەمریکا وردەکارییەکانی پێشنیارەکەی بۆ چارەکردنی ململانێیەکە ڕاگەیاند، کە چەندین دەیەیە هەموو لایەکی بە خۆیەوە خەریک کردووە.

کێشە سەرەکییەکان چین؟

- ڕەوشی قودس، کە شوێنی پیرۆزی لەلای جوولەکە، کریستیان و موسڵمانەکان لێیە.
- کێشانی سنووری ڕێکەوتوو لەسەری لەلایەن هەردوو لاوە.
- گەیشتن بە ڕێوشوێنی تەناهی، بۆ ئارامکردنەوەی مەترسییەکانی ئیسرائیل، لەوە لەلایەن فەلەستینییەکان و دراوسێیە نەیارەکانی هێرشی نەکرێتە سەر.
- داواکاری فەلەستین، بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتێک لە بەرەی ڕۆژئاوا، کەرتی غەززە و قودسی ڕۆژهەلات، ئەو خاکانەی ئیسرائیل لە جەنگی ساڵی 1967 دەستی بەسەردا گرتوون.
- دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ مەینەتی ملیۆنەها پەنابەری فەلەستینیی.
- ڕێوشوێن بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکانی کەمی سروشتی وەکو ئاو.
- داواکاری فەلەستین، بۆلادانی نشینگەکانی ئیسرائیل لە بەرەی ڕۆژئاوا و قودسی ڕۆژهەلاتدا. لە کاتی ئێستادا زیاتر لە 400 هەزار جوولەکە لە نێو نزیکەی سێ ملیۆن فەلەستینی لە بەرەی ڕۆژئاوا دەژین، لە تەک 200 هەزار نشینگەی دیکەلە قودسی ڕۆژهەلاتدا.

پێشنیارەکانی پلانەکە چین؟

بە گوێرەی پێشنیارەکانی ترەمپ بێت، ئەمەریکا دان بە نشینگەکانی ئیسرائیل لە بەرەی ڕۆژئاوای داگیرکراودا دەنێت. دوای ئەوەی ترەمپ وتەکەی خۆی پێشکەش کرد، کۆشکی سپی، یەکسەر ڕاگەیاندراوێکی دەرکرد و خاڵە سەرەکییەکانی دیاریکرد کە ئەمانەن:

= نەخشەیەک بۆ کێشانی سنوور لە پێناوی (چارەکردنی دوو دەوڵەتی ژینواریی، کە ڕێگە بە بنەماکانی مانەوەی دەوڵەتی فەلەستینی دەدات).

= وڵاتێکی فەلەستینی لە چەک دامالراو، کە لەتەک ئیسرائیل بە ئاشتی بژی، بەڵام بە چەند مەرجێکی توند، کە پێشبینی دەکرێت، فەلەستینییەکان ڕەتی بکەنەوە.

= ئیسرائیل لەسەر (سڕکردنی زەوی) بۆ ماوەی چوار ساڵ ڕازی بووە، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی چارەکردنی دوو دەوڵەتی ڕێگەی تێبچێت، بەڵام بەرپرسێکی سیاسیی، دواتر لە بیرۆکەی سڕکردنی نشینەگاکانی کەم کردەوە.

= هێشتنەوەی ڕەوشی ئێستا لە حەرەمی پیرۆز لە قودس، کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەلاتی ئەو شارەی، ئیسرائیل لە جەنگی 1967دا دەستی بەسەردا گرت.

= ئیسرائیل لەسەر پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان لە قودس، لەگەڵ مسۆگەرکردنی ئازادی خواپەرستی جوولەکە، کریستیان، موسڵمان و ئایینەکانی دیکە بەردەوام دەبێت.

= قودس هەر بە یەکگرتوویی و وەکو پایتەختی ئیسرائیل دەمێنێتەوە.

= پایتەختی وڵاتی فەلەستین، چەند ناوچەیەک لە قودسی ڕۆژهەلات لە خۆ دەگرێت. بنیامین نتنیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، پێشتر وتبووی، پایتەخت لە ئەبودیس دەبێت، کە دەکەوێتە دووری نزیکەی 1.6 کیلۆمەتر ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی کۆن لە قودسدا.

= لایەنی ئابووری پلانەکە، کە لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا ڕاگەیاندراوە، داوای دانانی سندوقێکی وەبەرهێنان بە بەهای 50 ملیار دۆلار، بۆ پشتیوانیکردن لە ئابووری فەلەستین و ئابووری وڵاتانی عەرەبی دراوسێ دەکات.

دەرفەتەکانی پلانەکە چین؟

دوایین دانوستانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان لە ساڵی 2014 شکستی هێنا. بەربەستەکان فراوانکردنی نشینگەکانی ئیسرائیل لەسەر خاکە داگیرکراوەکان، نەمانی متمانە لەنێوان هەردوو لا بە دەرێژایی چەندین دەیە لە خۆ دەگرێت. لە تشرینی دووەمدا، ئەمەریکا سەرپێچی لەو سیاسەتە کرد، کە چەندین دەیەیە پەیڕەوی دەکات، کاتێک مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند، واشنتۆن، چیتر پێی وانییە، نشینگەکانی ئیسرائیل لەسەرخاکەکانی بەرەی ڕۆژئاوا، بە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی بێت. فەلەستینییەکان و زۆربەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، بە چاوی نایاسایی و بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، سەیری نشینگەکان دەکەن، بەڵام ئیسرائیل ئەمە ڕەت دەکاتەوە. لە بیست ساڵی ڕابردوودا، هەڵکشانی بزوتنەوەی حەماس بۆ دەسەڵات لە کەرتی غەززە هاتە گۆڕێ. پەیڕەوی دامەزراندنی بزووتنەوەی حەماس، داوای وێرانکردنی ئیسرائیل دەکات، بزوتنەوەکەش لەمێژە لە ملمالانێی دەسەڵاتی بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی فەلەستین، بەسەرۆکایەتی مەحمود عەباس دایە، کە لەلایەن ڕۆژئاواوە پشتیوانی لێدەکرێت.

کاردانەوەکان چین؟

بنیامین نتنیاهۆ، کە لەدوای ترەمپ لە واشنتۆن قسەی کرد، ڕاگەیاندنەکەی بە (ڕۆژێکی مێژوویی) وەسفکرد و پلانەکەی ترەمپیشی بە دانپێنانی سەرۆکی ئەمەریکا، هاری ترومان، بە دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی 1948 چواند. نتیناهۆ کە ڕووی قسەی لە ترەمپ بوو وتی:"لەم ڕۆژەوە بوویتە یەکەم سەرۆک لە جیهاندا، کە دان بە سەروەریی ئیسرائیل، بەسەر ناوچەکان لە یەهودا و سامرەی زۆر گرنگ بۆ ئاسایش و بە بایەخ بۆ کولتوورمان دەنێیت". ناوی نێو تەوراتی بۆ بەرەی ڕۆژئاوا بەکارهێنا. کەچی مەحمود عەباس، پلانەکەی ترەمپی بە (زللەی سەدە) وەسفکرد. عەباس، لە وتەیەکیدا کە تەلەفزیۆن لە ڕامەڵا لە بەرەی ڕۆژئاواوە گواستییەوە وتی:"بە ترەمپ و نتنیاهۆ دەڵێم، قودس بۆ فرۆشتن نییە، هەموو مافەکانمان بۆ فرشتن و سازش لەسەرکردن نییە، دەستەوارەکەشتان، پیلانێکە و سەر ناگرێت". سامی ئەو زەهری، بەڕێوبەری لە بزووتنەوەی حەماس بە ڕێزەوە ڕزی ڕاگەیاند:"لێدوانە دوژمنکارییەکانی ترەمپ، تووڕەبوونێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە". وتیشی:"لێدوانەکانی لە بارەی قودس بەتاڵە و هیچ بەهایەکی نییە، قودسیش هەر بە خاکێکی فەلەستینی دەمێنێتەوە". سەرکردایەتی فەلەستینیش وتی، چیتر واشنتۆن بە ناوبژیکەر لە گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل دانانێین، ئەوەش دوای ئەو زنجیرە بڕیارەیە، کە ترەمپ دەریکرد، کە بووە مایەی دڵخۆشی ئیسرائیلییەکان و تووڕە بوونی فەلەستینییەکان. لەوانە داننانی بە قودس وەکو پایتەختی ئیسرائیل، گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەل ئەڤیڤەوە بۆ قودس و وەستان لە پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بە سەدەها ملیۆن دۆلار بۆ فەلەستینییەکان. زۆر کەسیش پێیان وایە، کەمکردنەوەی یارمەتییەکان، هۆکارێکی گوشارخستنە سەر سەرکردایەتی فەلەستینە، بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستانەکان، بەڵام ئەوەیان تاکو ئێستا شکستی هێناوە.

سەرچاوە:
www.aawsat.com



لەبەرچی پلانەکە ئێستا ڕاگەیاندرا؟

ڕەخنەگران لە پلانەکە دەڵێن، ترەمپ و نتنیاهۆ، دەیانەوێت سەرنجەکان لەسەر کێشەکانی ناوخۆ دوور بخەنەوە. ترەمپ، ڕووبەڕووی دادگاییکردن لە ئەنجوومەنی پیران دەبێتەوە، لە چوارچێوەی لێپرسینەوەیەک، کە دوور نییە ببێتە هۆی لادانی لە پۆستەکەی، هەرچی نتنیاهۆیە، ڕووبەڕووی تۆمەتی گەندەڵی بووەتەوە لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوودا، بەڵام هەردووکیان ئەنجامدانی هەر سەرپێچییەک ڕەت دەکەنەوە. هەروەها هەردووکیشیان بەردەوام هەڵبژاردن هەنگاو دەنێن: نتنیاهۆ لە مانگی ئادار و ترەمپیش لە مانگی تشرینی دووەمدا. نتنیاهۆ، دووجار لە بەدەستهێنانی زۆرینەی کنیست شکستی هێنا، دوای دوو گەڕی هەڵبژاردنەکانی لە ساڵی ڕابردوودا.

ترەمپ، چەندین جار خستنەڕووی پلانەکەی دواخست، بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک بۆ نتنیاهۆ لە هەڵبژاردنەکان دروست نەکات، چونکە هەر نەوی کێشانێک سەبارەت بە نشینگەکان یان بۆ دەوڵەتی فەلەستین، کێشەی گەورەی لەنێو بنکە هەڵبژاردنە ڕاستڕەوەکەی بۆ دروست دەکات. بەڵام فاکتەری کاتیش، لە ڕووی سیاسییەوە کۆتبەندی دەکات، لەوانەشە نەتوانێت چەند مانگێک چاوەڕێ بکات، تاکو ئیسرائیل بڕیار دەدات، کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی، بە گوێرەی وتەکانی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بیرۆکەی تیمی پلانی ئاشتییدا.


ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1867:
مۆتسۆهیتۆ دەسەڵاتی ژاپۆنی گرتە دەست و ناوی ئیمپراتۆر میجی لەخۆی نا.



ساڵی 1945:
بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنەوەی مانێلای پایتەختی فلپین و بە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا، شەڕی ئازادکردنی ئەو پایتەختە دەستی پێکرد.



ساڵی 1950:
بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ یەکێتی سۆڤیەت، پۆلیسی بەریتانیا کلاوس فۆکسی شارەزای بواری ئەتۆمی دەستگیر کرد.



ساڵی 1962:
جۆن کینیدی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا بڕیاری وەستاندنی هەموو جۆرە بازرگانیکردنێکی نێوان ئەمەریکا و کوبای دەرکرد.



ساڵی 1969:
لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی نیشتمانی فەلەستین لە قاهیرە، یاسر عەرەفات کرا بە سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین.



ساڵی 2015:
ڕێکخراوی داعش فڕۆکەوانێکی ئوردنی بەناوی مەعاز کەساسبە لە سێدارە دا.

www.xebat.net
خەبات | دووشەممە 2020/2/3 ژمارە (5924)



دوای چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا

چی دەگۆڕێ و چی وەک خۆی دەمێنێتەوە؟

ئا: هەندرین شێرزاد

دوای تێپەڕبوونی 47 ساڵ بەسەر ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا ، لە کۆتاییدا بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیران بەڵێنەکەی گەیاندە جێ و ولاتەکەی لەو یەکێتیە کێشایەوە.

رۆژی 31ی کانونی دووەم ، بەریتانیا بە فەرمی خۆی لە یەکێتی ئەورووپا کێشایەوە و بۆ ماوەی 11 مانگ چووە نێو قۆناغی ئینتیقالی. بەمەش ئەم ولاتە چیتر بەشێک نابێ لە یەکێتی ئەورووپا ، لەو نێوەندەشدا بەریتانیا بەم هەنگاوە چەند شتێکی پێ دەبڕێ و کۆمەڵێک شتی دیکەش لەدەست دەدات.



چی دەگۆڕێ؟

- لە ماوەی ئینتیقالیدا کە 11 مانگ دەخایەنێ، بەریتانیا پابەند دەبێ بە یاسا و ڕێساکانی یەکێتی ئەورووپا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند گۆڕانکاریەک روو دەدەن کە ئەمانەن:

73پەرلەمانتارەکەی بەریتانیا لە پەرلەمانی ئەورووپا ڕاستەوخۆ کورسیەکانیان لەدەست دەدەن و سەرجەم دامودەزگا و قەوارە سیاسییەکانی سەر بە یەکێتی ئەورووپاش بەریتانیا بەجێ دێڵن.

- لە کاتێکدا ئەگەر بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بخوازێ بەشداری لە لووتکەکانی یەکێتی ئەورووپادا بکات ، دەبێ پێشتر بانگهێشتنامەی کەسیی بۆ ڕەوانە بکرێ، واتە بە سیفەتی فەرمی بەشدار نابێ.

- وەزیرانی حکوومەتی بەریتانیا بۆیان نیە لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی ئەورووپای تایبەت بە کاروباری وەک سنووورەکانی ڕاوی دەریایی و هی تر بەشدار بن.

لەندەن بۆی هەیە سەبارەت بە دارشتنی یاسای تازە دەربارەی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و خزمەتگوزاریی لەگەڵ ولاتانی یەکێتی ئەورووپا دانوستان بکات.بەو پێیەی بە دڕێژایی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا ، بەریتانیا بۆی نەبووە گفتوگۆی فەرمی بازرگانی لەگەڵ ولاتانی وەک ئەمەریکا و ئوستراليا ئەنجام بدات

دەبێ بەریتانیا سەبارەت بە گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا گفتوگۆ ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی دوای کۆتاییهاتنی ماوەی ڕاگوزەری خۆی لە سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر کەلوپەل و خاڵە گومرگییەکاندا ڕزگار بکات.

- دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە 30 سال ڕەنگی پاسپۆرتی بەریتانی بۆ ڕەنگی سوور گۆڕا ، ئێستا دەبێ لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا جارێکی دیکە بەریتانیا ڕەنگی پاسپۆرتی خۆی بۆ ڕەنگی شینی تێر بگۆڕێ و پرۆسەکەش دەبێ تا نیوەی ساڵ تەواو بکرێ.

-بڕیار وایە حکومەتی بەریتانیا 3 ملیۆن پارچە دراوی تایبەت لە جۆری 50 پێنس بخاتە بازاڕ کە بڕگەی (ئاشتی و خۆشگوزەرانی و دۆستایەتی لەگەڵ سەرجەم گەلان) بگرێتەخۆی، هەروەها ڕێکەوتی 31ی کانونی دووەمی 2020ی لەسەر دەنەخشێنرێ.

- ئەو تیمە حکوومیە هەڵدەوەشێنرێتەوە کە ئەرکی دانوستانی جیابوونەوەی لە ئەستۆ دابوو. سەبارەت بە گفتوگۆکانی ئایندەش، گرووپی دانوستانکار لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا بالەخانەی سەرۆکایەتی وەزیران لە داونینگ ستریت دەکات بە بارەگای سەرەکی خۆی.

ئەو کەسانەی لە بەریتانیا تاوانیان ئەنجام داوە و دواتر ڕوویان کردۆتە ولاتێکی وەک ئەڵمانیا ، لەلایەن بەرلینەوە ڕادەستی لەندەن ناکرێنەوە چونکە لە دەستووری ئەڵمانیا ڕێگە نادات ئەو تاوانبارانە ڕادەستی بەریتانیا و ولاتانی یەکێتی ئەورووپا بکاتەوە.

ئەو شتانەی وەک خۆیان دەمێننەوە

لە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی ئینتیقالیەوە تا کۆتایی مانگی دیسەمبەری 2020 زۆربەی بابەتەکان وەک خۆیان دەمێننەوە.

- جۆلەی شەمەندەفەر و کەشتی و بەلەم و گەشتە ئاسمانیەکان لە نێوان بەریتانیا و ولاتانی یەکێتی ئەورووپا بەردەوام دەبن.

بە دڕێژایی ماوەی ئینتیقالی، هاوڵاتیانی شانشینی یەکگرتوو بۆیان هەیە لە هەر ولاتێکی ئەورووپی بژین و کار بکەن ، هاوکات هاوڵاتیانی ئەورووپاش بۆیان هەیە لە بەریتانیا بژین.

- ئەو بەریتانیانەی لە ولاتانی یەکێتی ئەورووپا دەژین بەردەوام دەبن لە وەرگرتنی موچەی خانەنشینی و زیادەی ساڵانەی خۆیان.

بەریتانیا لە ماوەی ئینتیقالیدا بەردەوام دەبێ لە بەشداربوون لە بودجەی یەکێتی ئەورووپا ، لە بەرامبەردا یەکێتی ئەورووپاش بەردەوام دەبێ لە پشتگیریکردن لە پرۆژەکانی بەریتانیا .

- بازرگانیکردن لە نێوان لەندەن و یەکێتی ئەورووپا بەبێ سەپاندنی باجی زیاتر یان بوونی خاڵی گومرگی زیاتر وەک خۆی بەردەوام دەبێ.

- تا کاتی بەسەرچوونی ماوەیان، مۆڵەتی شوفێری و پاسپۆرتی تایبەت بە گیانداره مالیەکان کاریان پێ دەکرێ.

-کارتی بیمەی تەندروستی : مەبەست لەو کارتانەیە کە لە ڕێگەیانەوە هاوڵاتیانی بەریتانیای نیشتەجێی ولاتانی یەکێتی ئەورووپا دەتوانن چارەسەری تەندروستی وەربگرن، ئەوان دەتوانن لە ماوەی ئینتیقالیدا و جگە لە نەرویژ و سویسرا و ئایسلەندا و لیختنشتاین ،وەک جاران ئەم کارتانە بەکاربێنن.

کاریکاتێر





داتاکان چۆن دەبنە نەوت؟

ئاراس نوری

بەشی سێیەم

ماوەی دە ساڵێک دەبێت زاراوەی کاڵای زیرەک و (ئینتەرنێتی شتەکان Internet of things - IoT) لە جیهانی کۆمپیوتەر و ڕایەڵەدا دروست بوون. جاران تۆ ئامێرێکی ساردکەرەوەت هەبوو، تەزووی کارەبات لەسەر دادەنا و کاری دەکرد و دڵت بە ئاوە فێنکەکەی شاد دەبوو.

پاشان هاتن، ساردکەرەوەیان هێنا کە لەسەر دەرگاکەی پەردەیەک هەبێ پیشانی بدا چی تیایە، وە ئەگەر بەستراوێتەوە بە هێڵی ئینتەرنێت، ئەوا زانیاری بنێرێت. بۆ وێنە شیر و پەنیری تیا نەماوە، پەیام دەنێرێت بۆ ئەو ناونیشانەی کە تایدا ساز کراوە، لە بەرانبەریشدا، پەیام وەرگر، ڕۆژی دواتر هەڵدەستێت بە دابینکردنی شیر و پەنیر و پسوولەی تێچوونەکەت ئەدەنێ.

ئەمڕۆکە ئەم کارانە جۆرێک (خۆکاری automatic) تێدا ئەنجام دراوە، هاوکات، نەک تەنیا ساردکەرەوە بەڵکو زۆرینەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان (بیرگە memory) و (تەلاش chip)ی لەسەرە کە بێ لە ڕێکخستنی کاڵاکان ئامارت نیشان ئەدەن، هەڵسەنگاندن بۆ تەندروستیت دەکەن. کاژمێرێکت لە دەستە هەموو جموجوڵێکت پاشەکەوت دەکات و ئاگاداریت ئەداتێ پەستانی خوێن و لێدانی دڵت چەندە. بۆ بازرگانان هەموو ئەم داتا و زانیارییانەی کە لەم ئامایرانەوە دێن و دەڕۆن هەڵێکی باشە بۆ نەخشە و کاری داهاتووی، بۆ دروست کردنی بەرهەمی نوێ. بۆ تۆش وەکو بەکارهێنەر ژیانت ئاسانتر دەکا ، کات و پارە پاشەکەوت دەکەیت. کڕین و جووڵەت دەزانی و باشتر ڕێکیان دەخەیت. جاران دەبوو بچیتە لای پزیشک پەستانی خوێن و پشکنینی تری بۆ بکا ، کە تۆ ئێستا لە ئامێرەکەی دەستتدا ئەوانەت هەیە ، هەموو پشکنینەکانیش هەڵدەگرێ.

ئامێری ئەمڕۆ لە ڕێڕێ (فێربوونی ئامێر machine learning)ەوە ، داتاکانی ڕابردووت شیتەڵ دەکات و باشترین هەنگاوی داهاتووت نیشان ئەدات. بەینە بەرچاوی خۆت جاران دوای دوو هەزار کیلۆمەتر ڕۆنی ئۆتۆمبیلەکەت دەگۆڕی. جاری وابووە کە بیرت چوە کەی گۆڕیوتە و لەدەست دڵەڕاوکێ چوویت دیسان گۆڕیوتە. ئەمە ئەمڕۆ ئامێر بە دوگمەیەک پیشانت ئەدات، پێش گۆڕین ئاگادارت دەکاتەوە، لەبری دووهەزار تەماشا دەکەیت چوارهەزار کیلۆمەترت بڕیوە، هەم دڵەڕاوکێ و هەمیش کات و پارەت پاشەکەوت کرد، چونکە ئامێرەکە تەواو دەزانێت کەی پێویستە ڕۆنی نوێ بکرێتە ئۆتۆمبیلەکەوە. بۆ خاوەن ئۆتۆمبیل ئەم داتایانە لە نەوت گرنگترە، بۆ دروستکەری ڕۆن و هەموو ئەوانەی داتاکانی تۆشیان پێ دەگات، دانانی ڕاژە و بەرهەمهێنان سازتر دەکەن و پوختە دەبێت. بیهێنە بەرچاوی خۆت هەموو ئامێرەکانی تری ناو ژیانت بەم شێوەیە ساز درا بن.

لەمەوە گرنگی (ئینتەرنێتی شتەکان **IoT**) بۆ ئێمەی بەکاربەریش تەواو ڕوونە، هەر بۆیە خەڵکانێکی زۆر بەردەوام بەدوای نوێکاریی و بەدەست هێنانی ئامێری نوێوەن. تەریب بەمەش، ئینتەرنێتی شتەکان زۆر بایەخی پێدراوە لە پیشەسازیدا. کارگەکانی بەرهەمهێنان بێ گەڕان و شەونخوونی، سەرچاوەیەکی گەورەی داتایان دێتە بن دەست. کە لەبەشەکانی تۆژینەوە و بەدواداچوندا سوودی لێ وەردەگرن. تەلفۆنێکی ئایفۆن دەفرۆشرێت لە یابان، ئەپڵ لە ئەمەریکاوە پێی دەزانێ.

ئەگەر بە وردی باس لە بازرگانی کاڵاکان بکەین، بۆت دەردەکەوێت کە داتاکانن مایەی گرنگیدان بە ناوچەیەک دیاری دەکەن، داتاکان

لێرەوە گرنگە ئاورێکیش لە ئالۆگۆڕی داتاکان بدەینەوە. داتای ئامێرەکان لە پیشەسازیدا دیارن، خۆکارانە ئالۆگۆڕ دەبن و ئینتەرنێت هەبێ، ئەوا دەگوێزرێنەوە بۆ بەرانبەر.

ئێمەیش وەکو بەکارهێنەر داتاکانمان لەسەر ڕەزامەندی خۆمان دەگوێزرێنەوە. بەکارهێنەر هەمیشە پەلەیەتی، زۆرجار پەیامی ئاگادارکردنەکان لەسەر کۆمپیوتەر و تەلەفۆنە هۆشمەندەکەی (**smartphone**) دەستی پشت گوێ دەخات. هەژمارێکی فەیسبووک دروست دەکات، مەرج و ڕێنوێنی بەکارهێنان ناخوێنێتەوە و کرتە لە ڕەزامەندی دەکا ، تاکوو زوو دامەزرێ و ببێتە خاوەنی هەژماری خۆی، لە ڕاستیدا بیری چووە کە بەو ڕەزامەندیە بڕیاری لەسەر چۆنێتی ناردن و وەرگرتنی داتاکانیشی داوە. بە هەمان شێوە لە کاتی دامەزراندنی (داوانامە **application**)یکی نوێدا هیچ گوێناداتە ئاگادارییەکان.



چی دەکەیت و چۆن خۆت دەپارێزی لە کاتی رووداونی گێژەڵووکەیەکی بروسک؟

زۆرجار وا رێکدەکەوێت لەکاتی نزیکبوونەوەی گێژەڵووکەی بروسکدا لە دەرەوەی ماڵدابیت، ئاخۆ لەکاتی ئاوا مەترسیدار چی بکەین تا ژیانی خۆمان بپارێزین؟

*دەستبەجێ تەلەفۆن و مۆبایلەکەت دابخە.

*ئەگەر لە ژێر یان نزیک داریکی درێژو تەنهانە بووی خێرا لێی دوور بکەوە.

*لە نزیک ستوونەکانی کارباو تەلەفۆن و تاوێرەکانی پەیوەندی و گەیاندن دوور بکەوە.

لە شوێنی بەرز مەوەستە.

ئەگەر لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بیت ئەوا تا بکرێت دوور بکەوە کە لەو شوێنانەی کە داری بەرزی لێیەو هەوڵبدە بگەیتە ناوچەیەکی دەشتایی و نزم کە درەختی باڵا نزمی لێبێت.

*تا بکرێت نەچیتە ڕووبەرە کراوەکان، وە *ئەگەر بە ناچاری لە شوێنێکی وا بووید، دەستبەجێ لەسەر ڕووی زەوی پاڵکەوە، یان لایەنی کەم دابنیشەو نەڕۆیت تا گێژەڵووکەکە دوور دەکەوێتەوە یان کۆتایی دێت.

*لە کەل و پەل و ئامێری ئاسنینی وەک تەڵبەندەکان و هەرچی جۆرە بارستە کانزایەکی کەڵەکەبوو بێت دووربکەوە.

*لە کەناراوەکانی وەک دەریاو دەریاچەکان و چەم و ناوچە شێدارەکان دوور بکەوە.

*بەکارنەهێنانی ئامێرە کارەباییەکان لە دەرەوەی ماڵەوەو لە کاتی نزیکبوونەوەی گێژەڵووکەی بروسک.

*خێرا ئەریەلی ئۆتۆمبیلەکەت دابەزێنە.

*ئەگەر لەناو ئۆتۆمبیل بووید، ئەوا دامەبەزە، چونکە پەیکەری ئۆتۆمبیلەکە جۆرێک لە پاریزگاریت پێ دەبەخشێ.

ئایا قەتیسبوونی گەرمیی ببووە هۆی لەناوچوونی دایناسۆرەکان؟



تاوەکو ئێستا بە وردی نازانرێ چ شتێک بەر لە نزیکەی 252 ملیۆن ساڵ پێش ئێستا لەسەر هەسارەی زەویدا ڕوویداوە تا پلەکانی گەرمای بە شێوەیەکی ترسناک بەرز بکاتەوەو لە دەرەنجامدا 90%ی گیاندارانی ئەو سەردەمە لەناوببات؟

لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، پسپۆڕان پێشبینی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکیان کردبوو بەر ڕووی زەوی و کە بەهۆیەوە لەناوچوونێکی سەرتاپایی لەنێو دایناسۆرەکاندا ڕوویداوە، ئەمەش بەر لە 65 ملیۆن ساڵ پێش ئێستا، وە لەم ڕۆژگارەی ئێستادا، پسپۆڕان گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کەوا بەرزبوونەوەی ڕێژەیەکی یەگجار زۆری گازی دووانۆکسیدی کاربۆن بۆ نێو بەرگە هەوا، هۆکاری سەرەکیی ئەو لەناوچوونە بەربڵاوە بووە.


لەنێوان یەکێ لە مەزنترین کارەساتەکانی لەناوچوونی گیانداران، بە (لەناوچوونی پرمی) ناسراوە، کە چاختێکی جیۆلۆجییەو لەگەڵ دەستپێکیدا چەندین گرکانی مەزن لەسەر ڕووی زەویدا تەقیونەتەوەو بوونەتە هۆی فڕەدانی ڕێژەیەکی مەزنی نیشتەنییە کاربۆنییەکانی ناخی زەوی بۆ نێو بەرگە هەوایەکەی و لەماوەی چەند هەزار ساڵێکدا، ئەو بەرگە هەوایەیان پڕکردبوو لە گازی دووانۆکسیدی کاربۆن کە لەناوچوونی 90% ی گیاندارانی ئەو سەردەمەی لێکەوتەوە.

پسپۆڕان دەڵێن، کەڵەکەبوونی گازی دووانۆکسیدی کاربۆن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاری گەورە لە پێکهاتەی بایۆلۆژی و ژینگەی گیانداران و زیندەوەران بە شێوەیەکی گشتی، لەوانە داڕووخانی سیستەمی ئیکۆلۆجی ماسییەکان و زیندەوە هەرە وردەکانی ناسراو بە (هەوڵواسراوەکان - پلانکتۆن) لە کۆتایی (چاخی پرمی) دا، کە لە بەرامبەردا ببووە هۆی زیادبوونی لە ڕادەبەدەری ڕێژەی بەکتریاو لە ڕێگەی ئەوانیشەوە، دەردانی گازە گۆگردییەکان و گازی میتان بە تایبەتی.

"ئەنجامێکی زۆر سەیر هەیە! چونکە ئێمە دەزانین کەوا ئەو تەقینەوە گرکانیانەی ئەو سەردەمە ئەو توانایەی نەبووە کەوا ئەو بڕە مەزنەی گازی دووانۆکسیدی کاربۆن و گازە گەرمکارەکانی دیکە بژماوەیەکی دوورود ڕێژ فڕە بدەنە نێو بەرگە هەوای زەوی، تا لە کۆتاییدا پلەی گەرمیی جیهانی لەنێوان 10 تا 15پلەی سیلیزیی بەرزتر ببێتەوە، بۆیە پێشبینی دەکەین کەوا لە قۆناغی یەکەمدا ئەو تەقینەوە گرکانیانە ببوونە هۆی نیشتاندنەوەی پێکهاتەی زۆر دەوڵەمەند بە کاربۆن لەنێو پێکهاتەی خاک و لەهەمان کاتدا ڕێژەی گازی ئۆکسجینیش لەنێو ئاوی دەریاو زەریاکاندا زۆر کەمتر بووەو لە دەرەنجامدا ڕێژەیەکی یەگجار زۆری گیاندارو زیندەوەرەکان لەناوچوونە "لە زاری (سیت بێرجیس) ی پسپۆڕی زەویناسی لە (دەزگای ڕووماڵکردنی زەویناسی ئەمریکی) و پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە (چاخی پرمی).

لەلایەکی دیکەوە، (دەزگای حکومی نێودەوڵەتیی تایبەت بە گۆڕانکارییەکانی ئاوو هەوا) ی سەربە (نەتەوە یەکگرتووەکان) پێشبینیکردووە کەوا چالاکیی پیشەسازی مرۆیی دەبێتە هۆی فڕەدانی بڕی نێوان 300 تا 500 گیگاتەن لە گازی دووانۆکسیدی کاربۆن بۆنێو ئاوی دەریاو زەریاکان لەگەڵ کۆتاییهاتنی سەدەی 21دا، کەئەمەش دەبێتە هۆی نانەوەی کارەساتێکی ژینگەیی زۆر گەورە ئەگەر هاتوو لە ئێستاوە کۆنترۆڵ نەکرێت.

کۆنترین بەرکەوتنی نەیزەکی لەسەر زەویدا دەستنیشانکرا



لەسەر ڕووی هەسارەکەماندا 190چاڵە نەیزەکی گەورە هەیە، و پسپۆڕانی زەویناسی تاوەکو ئێستا تەنها تەمەنی هەندێکیان دەزانن، بەڵام بەم دواییە، تیمێک لە پسپۆڕانی ئاژانسی (ناسا) توانیان شیکردنەوەیەکی تایبەتی ئەنجام بدەن بۆ چاڵی نەیزەکی نایراو بە (یارابۆبا) لە (ئوستراڵیا) و دەرکەوت تەمەنەکەی دەگاتە سنووری 2ملیارو 229ملیۆن ساڵ پێش ئێستا، بەمەش ببووە کۆنترین چاڵی نەیزەکی کە تاوەکو ئێستا لەسەر ڕووی هەسارەکەمان دۆزراوەتەوە.

" بێ شک کۆنترینیانە، چونکە پێش ئەوە، چاڵی DREDEFORT DOMEبە کۆنترین ناسراو بوو کە دەکەوێتە (باشووری ئەفریقیا) و تەمەنی 200ملیۆن ساڵ زیاترەو تیرەشی لە 200کیلۆمەتر گەورەترە"، لە زاری (تیمۆنز ئەریکسۆن) ی پسپۆڕی لێکۆڵینەوەکان لە بەشی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە زانستییەکان (ARES) ی سەر بە (دەزگای فڕینی جۆنسۆن) ی (ئاژانسی ناسا).

پسپۆڕان دەڵێن، تیرەی ئەم چاڵە نەیزەکییە لەنێوان 30تا 70کیلۆمەتر دەبێ و یەگجار زۆر کۆنە تا ڕادەیەکی ئەوتۆ هیچ لە بەرکەوتنە نەیزەکییە نموونەیی و ئاساییەکانی دیکە ناچێت کە خاوەن لێواری بەرزو دامەنی قوواڵن، چونکە ئاشکرایە کاریگەرییەکانی کەش و ئاوو هەوا بەدرێژایی ئەو هەموو سەدان ملیۆن ساڵەی میژووی ئەو ناوچەیە کاریگەریی گەورەی کردۆتە سەر چاڵی (YARRABUBBA) و لەسەردەمە تازەکانی بەرکەوتنی بێگومان خاوەن شکڵ شێوازێکی ڕوون و ئاشکرای هەبووە.

بۆ دەرخستنی تەمەنی ئەو چاڵە، (ئەریکسۆن) و تیمەکەی نموونەی خاک و بەردی شوێنەکەیان هێناوە، بە تایبەتی ئەوانەی کانزای وەک (زرکۆن و مۆنازیت) یان تیادایە وە ئەو کانزایانەی کریستاڵی یۆرانیۆم و قورقوشم یان تیادیەو بە دەرخستنی ڕێژەی بوونیان لەنێو بەردەکاندا دەتوانرێ تەمەنی ئەو بەردە بدۆزرێتەوە.

پسپۆڕانی ئەو تیمە مایکرۆسکۆپێکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە (زانکۆی کۆرتین) یان بەکارهێنا بۆ تێڕوانین لەو کریستاڵانەی کە لە دەرەنجامی بەرکەوتنی نەیزەکەکەوە تواونەتەوە، پاشان هەڵسان بە پێوانەکردنی ڕێژەی یۆرانیۆم و قورقوشم لەنێو ئەو کریستاڵانەی بۆ دەرخستنی تەمەنەکەی و دەرکەوت 2 ملیارو 229ملیۆن ساڵ دەبێ.

ئەوکاتەی کەوا ئەو نەیزەکە هاتووەو خۆی بەو شوێنە داداوەو چاڵی (YARRABUBBA) ی دروستکردووە، هاوکات بووە لەگەڵ دروستبوونی چەند ڕووبەرێکی سەهۆڵبەندی و زێی سەهۆڵیی لەسەر ڕووی هەسارەی زەوی، ئەمەش دوای ماوەیەکی کەم لە دەرکەوتنی گازی (ئۆکسجین) لەنێو بەرگە هەوای زەویدا.

هیندستان دەگەڕێتەوە بۆسەر مانگ




دوای نشتوستهێنانی ئاژانسی بۆشاییگەری هیندی (ISRO) لە نیشتاندنەوەی کەشتییەکی ئاسمانیی لەسەر ڕووی مانگ لە 2019.9.6بە ناوی (ڤیکرام) لە ڕێگەی کەشتی ئاسمانیی (شاندرایان -2)، بۆ جارێکی دیکە پسپۆڕانی ئەو وڵاتە خەریکی ئامادەکردنی کەشتی ئاسمانی (شاندرایان - 3)ن کە جگە لە کەشتی نیشتنەوە، گالیسکەیەکی گەڕۆکیش لە خۆ دەگرێت.

سەرەڕای ئەوەی ئاژانسی (ISRO) ی هیندی وادەی هەڵدانی کەشتییەکەیان ڕانەگەیاندووە، بەڵام بە پێی ڕۆژنامەی (تایمز) ئەم وادەیە لە تشرینی یەکەمی 2020 دەبێت.

تا ئەوساتەی ئێستا، کەشتی خولگەیی (شاندرایان -2) بێ هیچ کێشەیەک لەسەر خولگەکەیدا بە دەوری مانگدا دەخولێتەوەو بە کارامەیی وێنەی ڕووی مانگ دەگرێ و زانیاریەکانیش وەردەگرێ و شیان دەکاتەوە.







قاسم وەندی لەگەڵ ماگنۆسی پاڵەوانی جیهان

بۆ یەکەمین جار شەترەنجزانێکی کورد بەشداری پاڵەوانێتییەکی بەناوبانگی جیهانی دەکات

قاسم وەندی: شانازییە بۆ من وەک یەکەمین کورد بەشداری پاڵەوانێتی تاتا ستیل بکەم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

لەم رۆژانەی رابردوو رووداویکی گرنگ لە دونیای شەترەنجی کوردستان رووید، کاتێک بۆ یەکەمین جار کوردێک بەشداری یەکێک لە دیارترین و بەناوبانگترین پاڵەوانێتییەکانی جیهان دەکات کە ئەویش پاڵەوانێتی (تاتا ستیل)ە Tata Steel، تاتا ستیل هەموو ساڵێک لە مانگی کانوونی دووەم بەبەشداری پاڵەوان و بەناوبانگانی شەترەنج لە وڵاتی هۆڵەندا بەڕێوەدەچێت، کە لە ساڵی 1938ەوە تاکو ئێستا بەردەوامی هەیە و کۆمپانیای بریتج شتیل سپۆنسەریتی.

دووجار پاڵەوانێتی شاری ئۆتراختی هۆڵەندیم بەدەستهێناوە

شەرەفێکی گەورە

قاسم وەندی کە خەڵکی خانەقینە و ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتی هۆڵەندا دادەنیشێت، تاکە کوردە کە تا ئێستا بەشداری لەو پاڵەوانیتییەدا کردبێت و ئەمساڵ ئەو شەرەفەی پێسپێردرا کە شان بەشانی پاڵەوانانی جیهانی وەک فابیانا کاروانا (پاڵەوانی تاتستیل 2020) و ماگنۆس پاڵەوانی جیهان، و 14 گراندماستەری بەناوبانگی جیهان لەو پاڵەوانیتییە رکابەری لەسەر نازناوەکەی تات ستیل دەکەن، ئەو ئەگەرچی هیچ راهێنەریکی نییە، بەڵام پشت بەخۆی دەبەستێت و لە ڕێگای خوێندنەوە و سایتەکانەوە راهێنانی خۆی ئەنجام دەدات، لەم دیمانەیەدا تیشک دەخەینە سەر ژیانی وەرزشی و ئەو دەسکەوتانەی لە بواری شەترەنج بەدەستی هێناون.

چۆن شەترەنج فێربوو؟

قاسم وەندی کە لە ساڵی 1963 لە شاری خانەقین لەدایک بووە، لەتەمەنی 13ساڵیدا فێری یاریی شەترەنج دەبێت کاتێک هەندێ لە خزمانی لە وڵاتی ئێرانەوە دەگەڕێنەوە لەوانەوە فێری ئەو یارییە دەبێت، هەروەک خۆی دەڵێت: لەبەر ئەوەی باری داراییمان زۆر باش نەبوو، نەمتوانی شەترەنجێک بکڕم، ئەوەبوو چوومە نێو بازاڕی بەرگدروان و هەندی بەکرم کۆکردەوە و بەچەقۆ شێوەی بەردەکانی شەترەنج لێدروستکردن، پارچە مقەبایەکم هێنا و چوارگۆشەکانی شەترەنجم لەسەر دروستکرد، لە کۆڵانەکەمان یارییەکە باو بوو بەردەوام ئەو یارییەمان دەکرد، کەس نەیدەتوانی لێم ببات‌ەوە، لە ساڵی 1979 کاتێک ناوم لە ناوەندی فێرکردنی پیشەسازی پیشەیی لە بەعقوبە ناوم دەرچوو، لەوێ پاڵەوانێتییەک بەناوی پاڵەوانێتی پیشەسازی شەترەنج کرایەوە و توانیم پلەی دووەم بەدەستبهێنم، لە ساڵی 1981 پاڵەوانێتی بەشە ناوخۆییەکان کرایەوە و توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، لە ساڵی 1990 کاتێک ئاوارەی ئێران بووم لەوێ یاریزانی زۆر بەهیز هەبوون یارییان دەکرد، منیش چەند کتێبێکی تایبەت بەشەترەنجم کڕی و راهێنانم لەسەر کرد، لە ساڵی 1997 کاتیک وومە ئەوروا و لە هۆڵەندا گیرسامەوە، رۆژێک سەردانی یانەیەکی شەترەنجم کرد و کاتێک زانیان شەترەنجزانم داوایان لێکردم بەمە ئەندامێک لەو یانەیە بەناوی یانەی moira-dom toren و تا ئێستا لەو یانەیە بەردەوامم، لە ساڵانی 2013و 2015پاڵەوانێتی شاری ئوتریختی هۆڵەندیم بەدەستهێنا.

پاڵەوانێتی تاتا ستیل

دواتر ئەو شەترەنجزانە نێودەوڵەتییەی کورد لەبارەی پاڵەوانێتی تاتا ستیل گوتی: چیز گوندێکی بچوکە لەسەر دەریای یاشووری هۆڵەندا، هەموو ساڵێک لەمانگی یەک پاڵەوانێتییەکی شەترەنج لەو گوندەی سەر دەریا بەڕێوەدەچێت، هەر ساڵەی زیاتر لە 650 شەترەنجزانی جیهانی بەشداری تێدا دەکەن و لەنێویاندا ژمارەیەک گراند ماستەر و گەورە شەترەنجزانانی جیهان بەشداری تێدا دەکەن، ئەو شەترەنجزانانە بەسەر 70 تیپ دابەش دەکرێن و هەر تیپێک لە 10 شەترەنجزان پێکدێت و هەر شەترەنجزانێکیش 9 یاری ئەنجام دەدات.

لە ڕێگای ئوستراليا‌وە

کینینی ئەمریکی چووە نێو یانەی گەروەکانەوە

سۆفیا کینینی کچە لاوی تێنسی ئەمریکی لە سەر ئاستی پاڵەوانێتییەکانی گراندسلام توانی نازناوی پاڵەوانێتی ئوسترالیای کراوە بەدەست بهێنێت، کە لە یاری کۆتاییدا لە گجاربین مۆگۆرۆزای ئیسپانی بردەوە بە ئەنجامی 6-4،2-6 ،2-6 .

کینینی تەمەن 21ساڵ ڕێگر بوو لەوەی مۆگۆرۆزای تەمەن 26 ساڵ نازناوی سییەمی گرانسلام بەدەست بهێنێت کە پێشتر دووجار پاڵەوانی وێمبلدۆن بوو، هەروەها لە یاریی پێش کۆتاییش لە ئاشلی بارتی بردبۆوە و بووە بچووکترین کچە تێنسزان کە بچێتە لیستی 10 یەکەمەکی جیهان، کە پێشتر لە ریزبەندی 14 دەهات.



ریال دێربی مەدریدی لەبەرژەوەندی خۆی یەکلاکردەوە

یانەی ریال مەدرید توانی یاریی دێربی پایتەختی ئیسپانی لەبەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە کاتێک بە ئەنجامی تاکە گۆڵێکی کەریم بنزیمە لە ئەتلەتیکۆ مەدریدی میزانەکەی بباتەوە.

بەم بردنەوەیەش یانەی ریال پێشەنگی بەرنەدا و بە 49 خاڵ لە پێشەوەی لالیگاوە دێت، لەولاشەوە ئەتلەتیکۆ مەدرید خاڵەکانی هەروەک خۆی 36 خاڵ لە پلەی پێنجەمدا مایەوە، ئەگەرچی یانەی میوان دەرفەتی زۆری گۆڵ تۆمارکردنی لەدەستدا و زۆرکات لەوە نزیک دەبێوە پێش ریال گۆڵ تۆماربکات، بەڵام یانەی شاهانە دوای تۆمارکردنی گۆڵەکە ئاستی باشتر بوو کە دەرفەتی گۆڵی دیکەشی بۆ ڕەخسا.



ڕۆژنامەی مارکا: ناوبژیوان وەک قەسابێک وابوو بۆ ئەتلەتیکۆ



ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕەخنەیەکی توندی لە ناوبژیوانی یارییەکەی نیوان ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید گرت بەوەی پەنالتیەکی دروستی بۆ ئەتلەتیکۆ نەژمارد.

ڕۆژنامەکە دەڵێت: ئەو ناوبژیوانە زۆلمیکی گەورەی لە ئەتلەتیکۆ کرد کاتێک لەناو ناوچەی سزا ئەلڤارۆ مۆراتایان بەردایەوە و تەنانەت پەنای نەبردە بەر ڤاریش بۆ دووبارەکردنەوەی حالەتەکە، ڕۆژنامەکە بەمانشێت بڵاوی کردۆتەوە: (ناوبژیوان وەک قەسابیک وابوو بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon .3. Feb. 2020 No: (5924)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

شاعیری لاو نەوژین سۆران: لە سەدەی 21 و لەناو جەنجاڵی تەکنەلۆژیا پێویستمان بە وشەگەلێکی سادەیە تاکو بیر و مێشکمان لەو جەنجاڵییە بڕەوێنێتەوە





دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین

نەوژین سۆران ، لەدایکبووی شاری سلێمانی گەڕەکی سەرچنار ، لە ساڵی 2004ەوە دەستی کردووە بە نووسین و نزیکەی 8ساڵە نووسین و هۆنراوەکانی بڵاو دەکاتەوە و خاوەنی 2کتێب و 3 ئەلبومی دەنگی شیعرییە،لەم دیانەیەی خەبات دەربارەی دنیای شیعر و بۆچوونەکانی لەسەرئەو بوارە بەم جۆرە بۆچوونەکانی خستە ڕوو:



بۆ شیعرت هەڵبژاردن؟

شیعر هەڵبژاردنی من نەبوو ، هەست و ئیلهام و هونەرێکی ئیلاهییە و بێسنوور دێتە بیر و خەیاڵتەوە و بە هونەری زمان و نووسین دایدەڕێژێت

لەزمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چڕڕێک ئاسای ڕۆمانسی بەدی دەکرێت،ئاخۆ ئەمە زادەی خەیاڵی سحری خۆتانە،یان پەیوستە بەژیانی واقعی تانەوە؟

شاعیر دەبێت ژیانی ڕاستەقینە و خەیاڵیش پێکەوە ببەستێتەوە، ئیستاتیکای شیعر خەیاڵە فراوانەکەیەتی

لەزاتی شیعری و ڕتمی شیعر لەلای ئێوە زیاتر لەشیعری ئازاد یان کلاسیک بەرجەستە دەبێت ؟بۆچی؟

شیعر لەهەر سەردەمێکدا چێژ و جێگە و پێگەی خۆی هەبووە، بەڵام لە سەدەی بیست و یەک و لەناو جەنجاڵی تەکنەلۆژیا پێویستمان بە وشەگەلێکی سادەیە تاکو ئەو بیر و مێشکمان لەو جەنجاڵییە بڕەوێنێتەوە وە لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا پێویستە بە سادەترین و کورترین شێوازی نووسین مەبەستت بە خوێنەر بگەیەنی .

ئیلهامی زۆرێک لەشاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتیمانە ئیلهامی شیعری ئێوە چیە ؟

هەر چیرۆک و هەر هۆنراوەی بە ئیلهام و خەیاڵی خۆی

تائێستا چەند دەقی شیعریتان کراوەتە گۆرانی؟

چەند شیعرێکی کەم لەبەرئەوەی پێمخۆش نییە شیعرەکانم ببێت بە گۆرانی.

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانت کێشەیان بۆدروست نەکردووە؟ نەخێر.

شیعرت بۆسەربەخۆی وتوە؟چی دەڵێیت لەم بارەیەوە؟

شیعرم بۆ کوردستان و بۆ نیشتیمان و ئازارەکانیشی هۆنیوەتەوە و شانازی بە وشە بە وشەیەوە دەکەم

چەند؟بەرهەمی شیعریت هەیە؟

نەمژماردووە .

شیعرێکن دە نوسیت؟

بۆ خۆینەر و گوێگرەکانم

پرۆژەی داهاتووت چیە؟

کتێب و ئەلبومی مەڵکەمۆزە ، یەکێکن لەو بەرهەمانەم لە دنیای شیعر و ئەدەبیاتی خۆمدا شانازییان پێوە ئەکەم.کتێبی مەڵکەمۆزە لە 160لاپەرە پێکهاتووە و شیعرەکان هەمووی شیعری نوێن ، وە ئەلبومەکەش بە شێوەی سیدی لە 7تراکی 10 خولەکی پێکهاتووە و موزیک و تۆمارکردنی لە وڵاتی تورکیا بۆ کراوە و ئاوازەکەی لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرەوە بۆ دانراوە ، وە چاوەڕوان دەکرێت پرفرۆشترین بەرهەمی ئەدەبی ساڵی 2020بێت لە دوای کتێبی یەکەمم تەم و تۆ.

شاعیر دەبێت ژیانی واقعی و خەیاڵ پێکەوە ببەستێتەوە

گۆران نوری لە 2020 هەموو مانگێک بەرهەمێک بڵاو دەکاتەوە!

وریشە عومەر: هونەرمەندی لاو گۆران نوری لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: سڵاو ئازیزانم لە ساڵی 2020 ئینشاللە زۆرترین بەرهەمەکانی خۆمتان پێشکەش دەکەم و هەوڵ دەدەم مانگی جارێک بەرهەمێک بە ڤیدیۆکلیپ بڵاو بکەمەوە ،هیواردارم هەموویان بە دڵی ئێوەی ئازیز و خۆشەویست بێت.



موعین ئەسفەهانی یادی لە دایکبوونی دەکاتەوە



هەمزە سەرحان

هونەرمەندی ناوداری فارس، موعین ئەسفەهانی، لەگەڵ هاوسەرەکەی یادی لەدایکبونی دەکاتەوە.

موعین ئەسفەهانی یادی 68 ساڵەی لەدایکبونی کردەوە، لە پێگەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام وتی "من و هاوسەرەکەم سوپاسگوزاری بۆ هەواداڕەکان دەردەبڕین لەبەرامبەر ئەو هەمو پیرۆزباییەی ڕۆی لەدایکبونەکەم و بڵاوکردنەوەی ئەلبومە نوێیەکەم"موعین یەکێکە لە ناودارترین گۆرانیبێژەکانی ئێران و خاوەنی هەواداریکی زۆرە لە سەرجەم وڵاتانی جیهانەوە، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوی تەواوی (نصرالله معین نجف یبادی) لەدایکبووی ساڵی 1952ەو خاوەنی 18 ئەلبومە، دانیشتوی ئەمریکایە و دوجار هاوسەرگیری کردوە و دو کچی هەیە.

خۆشەویستی چاوی نییە!


تەمەنی 80 ساڵە عاشقی کوڕێکی تەمەن 35 ساڵانە





سەید فاتیح بەرزنجی

خۆشەویستی سنوری نیەوپەیوەندی بە پیری و گەنجیەتییەوە نییە ئەوەتا ئافرەتێکی تەمەن 80ساڵی بەناوی ئەیرس جونزعاشقی کوڕێکی تەمەن 35ساڵی بووبەناوی محەمەد ئەحمەد ودیارە ئەو گەنجە خەڵکی وڵاتی میسرەو چۆنیەتی عاشق بوونی ئەو کوڕە گەنجەو ئەو ئافرەتە تەمەن 80ساڵانەی وڵاتی بەریتانیا لەڕێگەی فەیسبوکەوە ئاشنای یەکتر بوون و یەکتریان زۆر خۆش ویست خاتوونەیرس دەڵێت: لەبەر ئەوەی محەمەدم زۆر خۆش ویست بۆ بینینی ئەو سەردانی وڵاتی میسرم کردوچوومە قاهیرە بۆ دیتنی خۆشەویستەکەم ودوای یەکتر بینین بڕیاری هاوسەرگیریماندا و خاتوو ئەیرس گوتی: بەهەمو شێوەیەک ئامادەیی خۆم بۆ ئەو هاوسەرگیریە دەربڕی و من کەسێکی تێکەڵیم و زۆر حەز بە هاوکاری کردنی هەمو کەسێک دەکەم وبەر لە مردنم زۆرم حەزمکرد هاوسەرگیری بکەم شوکر بۆ خوا تووشی کوڕێکی گەنج بووم ولام باشتربوو شوو بە کەسێکی گەنج بکەم و ئاواتەکەم هاتەدی و ئەو کوڕە گەنجە بڕمن باشترین هەڵبژاردەیە



زەماوەندی پیر شالیار لە هەورامانی تەخت فۆتۆ: یوسف هەورامی